بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الم (1)

چەندپیتێك لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان
(14) پیتە نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین، بۆ سەلماندنی (اعجاز)
و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدا نیە بەو پیتانە
کتێبێکی ئاوا بێ وێنە دابنێت، بەڕادەیەك هەتا ئەگەر هەموو گرۆی
ئادەمیزاد و پەری کۆببنەوە بۆ ئەو مەبەستە بێگومان ناتوانن، هەروەها
چەندەها نهێنی تریشی تێدایە، زاناکان لە هەندێکی دواون، هەندێکیشیان
وتوویانە: هەر خوا خۆی زانایە بە نهێنی ئەو پیتانە.

ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ (2)

ئەو قورئانە کتێبێکە هیچ گومانێکی تێدا نیە، (کە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە
ڕەوانە کراوە بە جبرەئیلدا بۆ پێغەمبەر) کە مایەی ڕێنموونی و سەرچاوەی
هیدایەتە بۆ خواناسان و پارێزکاران (کە ئەوانەن فەرزەکان جێبەجێ دەکەن و لە
حەرام خۆیان دەپارێزن، لە رووی بیروباوەڕو کردارو گوفتارەوە)

الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (3)

ئەوانەی باوەڕ بە نەبینراوەکان دەهێنن (وەك خواو فریشتە و ئەوانەی خوا
باسی کردوون و ئێمە نایانبینین)، هەروەها نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام
دەدەن و لەو ڕزق و ڕۆزییە (حەلاڵەی) پێمان بەخشیوون، دەبەخشن.

والَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ
(4)

له هەمان کاتدا) ئەوانە باوەڕ دەهێنن بەو( پەیامەی) کە بۆ تۆ( ئەی محمد) دابەزێنراوە و بەو پەیامانەش کە بۆ (پێغەمبەران)ی پێش تۆ دابەزێنراوە، دڵنیاش دەبن کە ڕۆژی دوایی پێش دێت و قیامەت هەر بەرپا دەبێت.

أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (5)

ئا ئەوانە لەسەر شا ڕێگەی هیدایەتی پەروەردگاریانن و هەر ئەوانیشن سەرفراز و سەرکەوتوو (ئەمانە بنەما سەرەکیەکانی ئیمان و ئیسلامن).

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (6)

بەڕاستی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون ئاگاداریان بکەیت یان ئاگاداریان نەکەیت یەکسانە بۆیان، باوەڕ و ئیمان ناهێنن.

خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عظِيمٌ (7)

(چونکە) خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و گوێیاندا و پەردەی بەسەر چاویاندا هێناوە، (نە بیردەکەنەوە، نە ئامادەن حەق ببیستن و ڕاستیەکان نابینن)، هەر بۆیە سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە (ئەمانەش دەستەیەکن لە بێ باوەڕان کە هەر خوا خۆی دەیانناسێت).

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ (8)

لەناو خەڵکیدا کەسانێك هەن کە دەڵێن: ئیمان و باوەڕمان بە خواو بە ڕۆژی قیامەت هێناوە (لە ڕاستیدا ئەوانە درۆ دەکەن) ئەوانە هەمیشە باوەڕدار نین.

يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ (9)

ئەوانە (بەخەیاڵی خۆیان وادەزانن) خوا و ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە باوەڕداری ڕاستەقینەن!! کەچی جگە لە خۆیان کەسیان پێ ناخەڵەتێت، بەڵام هەست ناکەن و فام ناکەنەوە و بیرناکەنەوە.

فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضاً وَلَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ (10)

ئەوانە لە دڵ و دەروونیاندا نەخۆشی بێ باوەڕی و حەسوودی و کینە هەیە، خوایش (بەسەرخستنی حەق و ئیمانداران) ئەوەندەی تر دەردیان گران و کاریگەر دەکات و سزایەکی سەختیش (لە دنیا و قیامەتدا) چاوەڕێیانە بەهۆی درۆکردن و (دژایەتییان بۆ ئیسلام).

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ (11)

ئەوانە کاتێك پێیان دەوترێت تۆوی گوناهو تاوان و خراپەکاری مەچێنن لە زەویدا، دەڵێن: بەڕاستی ئێمە تەنها چاکسازی دەکەین.

أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِن لاَّ يَشْعُرُونَ (12)

ئاگادار بن، کە بەڕاستی هەر ئەونە تۆوی خراپە دەچێنن، بەڵام (بەهۆی لووت بەرزی و دەردەدارییانەوە) هەستی پێ ناکەن و (خۆیانی لێ گێل دەکەن).

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء أَلا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاء وَلَكِن لاَّ يَعْلَمُونَ (13)

کاتێك پێیان دەوترێت ئیمان و باوەڕ بهێنن وەکو ئەو هەموو خەڵکە (بێ فێڵ و ڕاستگۆیانە) کە باوەڕیان هێناوە، دەڵێن: چۆن ئێمە وەکو ئەو خەڵکە کەم عەقڵ و گێلانە باوەڕ دەهێنین، (خەڵکینە) چاك بزانن و ئاگاداربن کە هەر ئەوانە خۆیان کەم عەقڵ و گێل و نەفامن، بەڵام بەخۆیان نازانن.

وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكْمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِؤُونَ (14)

كاتێكیش (دووڕووەكان) دەگەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە دەڵێن: ئێمە ئیمانداریـن و باوەڕمان هێناوە!!!، كەچی كاتێك بە تەنها دەمێننەوە لە لای شەیتانە گەورە و فێڵبازەكانیان دەڵێن: بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئێوەین، بێگومان ئێمە تەنها گاڵتەیان پێدەكەین و پێیان ڕادەبوێرین!!.

اللّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ (15)

(بەڵام خەیاڵیان خاوە چونكە خوا سزای گاڵتەجاڕییەكەیان لێدەسێنێت و دەیانكاتە پەندو گاڵتەجار)، ئەوە جارێ بەرەڵای كردوون تا كوێرانە مل بنێن و درێژە بەگومڕایی خۆیان بدەن.

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرُوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ (16)

ئەوانە گومڕاییان كڕی بەڕێنموویی و هیدایەت، بازرگانیەكەیان قازانجی نەكرد، سەرمایەكەشیان كە هیدایەتە لە دەستیانداو مایەپووچ بوون و وەرگری ڕێبازی هیدایەت نەبوون.

مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَاراً فَلَمَّا أَضَاءتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لاَّ يُبْصِرُونَ (17)

نموونە و وێنەی ئەوانە وەك كەسێك وایە: ئاگرێك دابگرسێنێت (بۆ سوودی خۆی و هاوڕێكانی) كەچی كاتێك هەڵگیرساو دەوروبەری خۆی ڕووناك

کردەوە ، خوا ڕووناکیەکەیان لێ بکوژێنێتەوە و لە چەندەها تاریکیدا جێیان بهێڵێت و هیچ تروسکاییەك نابینن و ڕێ دەرناکەن.

صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ (18)

ئەوانە کەڕو لاڵ و کوێرن (لە ئاستی حەق و ڕاستیداو)، ناشگەڕێنەوە (بۆ سەر هیدایەت).

أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصْابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ واللّهُ مُحِيطٌ بِالْكافِرِينَ (19)

وێنەیان وەك کەسانێك وایە بە دەست بارانێکی لێزمەوە گیریان خواردبێت، کە پەڵە هەورە تریشقە و بروسکەی هەبێت، لە تاو دەنگی بروسکەکە پەنجەیان دەئاخنن بە گوێچکەیاندا لە ترسی مردن، خواش گەمارۆی کافرانی داوە (بارانەکە قورئانە و بروسکەکان، ترساندنی دووڕووەکانە کە حەز بەبیستنی ناکەن).

يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاء لَهُم مَّشَوْاْ فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُواْ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللَّه عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (20)

خەریکە تیشکی بروسکەکە بینایی چاویان بەرێت، هەر کاتێك بەر پێیان ڕۆشن دەکاتەوە، دەڕۆن، هەر کە تیشکەکە نەماو تاریك بوو لێیان، (دەسڵەمێنەوە و هەڵوێستە دەکەن، خۆ ئەگەر خوا بیویستایە بیستن و بینینیانی لەناو دەبرد، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (21)

ئەی خەڵکینە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن، ئەو زاتەی کە ئێوە و پێشینانی ئێوەشی بەدی هێناوە، بۆ ئەوەی ڕێبازی خواناسی و تەقوا و پارێزکاری بگرنە بەر.

الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاء بِنَاء وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ (22)

هەر ئەوزاتە زەوی کردووە بە فەرش و جێگای نیشتەجێ بوون و ژیان بۆتان، ئاسمانی وەکو سەقفێك بەسەرتانەوە ڕاگیر کردووە، لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ باراندوون، جا بەهۆیەوە جۆرەها بەرهەمی (درەخت و گژوگیای) بەدەرهێناوە تا ببێتە ڕزق و ڕۆزی بۆتان، کەواتە شەریك و هاوتا بۆ خوا بڕیار مەدەن، کە خۆشتان دەزانن پەرستراو دەبێت بەدیهێنەر بێت.

وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُواْ شُهَدَاءكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (23)

ئەگەر ئێوە لە دوو دڵیدان و گومانتان لەم (قورئانە پیرۆزە) هەیە کە دامان بەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان محمد (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سوورەتێکی وەك ئەو بهێنن، هاوپەیمان و هاوکارەکارەکانیشتان جگە لە خوا (بۆ ئەو مەبەستە) بانگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن.

فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ (24)

خۆ ئەگەر نەتانتوانی و هەرگیز نایشتوانن (کەواتە باوەڕبهێنن و
خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی: سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە، کە
بۆ بێ باوەڕ و خوانەناسان ئامادە کراوە.

وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا
الأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا قَالُواْ هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ
وَأُتُواْ بِهِ مُتَشَابِهًا وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (25)

(ئەی پێغەمبەر) مژدە بدە بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کارو
کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەوەی باخەکانی بەهەشت کە
چەندەها ڕوبار بەژێر درەخت و بەناو باخەکانیدا دەڕوات، بەڕاستی
بۆیان ئامادەیە، هەر کاتێك لە میوەو بەرهەمێکی ئەو باخانەیان بۆ
دەهێنن، دەڵێن: ئێستا لەوەتان هێنا، تاوێك لەمەو پێش خواردمان،
هەر دەیهێنن و لە یەکتریش دەچن، (لە ڕەنگ و ڕواڵەتدا، بەڵام لە
تام و بۆندا زۆر جیاوازن)، هەروەها لەوێدا هاوسەرانی پاك و بێ
گەردیان بۆ ئامادەکراوە (ئەو بەختەوەرانە) ژیانی هەمیشەیی و
نەبڕاوە لەو بەهەشتەدا دەبەنە سەر.

إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ
فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا
مَثَلًا يُضِلُّ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِ كَثِيرًا وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلاَّ الْفَاسِقِينَ (26)

بەڕاستی خوا باکی نیەو نەنگ نیە بەلایەوە هەر نموونەیەك بهێنێتەوە بە
مێشوولەیەك، لەویش بچووکتر بێت یان گەورەتر، جا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان
هێناوە، ئەوە چاك دەزانن ئەم نموونەیە ڕاستە و لە لایەن پەروەردگاریانەوەیە،
ئەوانەش کافرو بێ باوەڕن دەڵێن: خوا مەبەستی چی بوو لەم نموونەیەدا؟
(خوای گەورەش دەفەرموێت) زۆرێکی پێ گومڕا دەکات و زۆرێکی تریشی پێ

هیدایەت و ڕێنموویی دەکات، بەڵام دیارە جگە لە لارو وێرو یاخی و تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات.

الَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ أُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (27)

ئەوانە پەیامی خوا (کە لە ڕووی فیترەت و سروشت و پەیامەکانی خواوە) هەیانە، (کە دەبێت خواناس بن) هەڵدەوەشێننەوە و پەیڕەوی ناکەن لە دوای بەهێزو پتەو بوونی، ئەو پەیوەندییانەش دەپسێنن کە خوا فەرمانی گەیاندنی داوە، لە زەویشدا تاوان و خراپە دەچێنن، تا ئەوانە خۆیان زەرەرمەند و خەسارەتمەندن.

كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (28)

"خەڵکینە، چۆن بێ بڕوا دەبن بە خوا لە کاتێکدا کە ئێوە بێ گیان بوون (لە توێی خاکدا) خوا گیانی بە بەردا کردن، پاشان دەتان مرێنێ و دوای زیندووتان دەکاتەوە، ئەوسا ئیتر دەچنەوە بۆ لای خۆی".

هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (29)

"هەر ئەو زاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە، پاشان ویستی ئاسمان دروست بکات، بۆیە بە حەوت چین ڕێکی خست، وە خۆی بە هەموو شت زاناو ئاگایە".

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (30)

"(وه بیریان بێنه) کاتێك که پەروەردگارت به فریشتەکانی وت: من له زەویدا جێنشینێك دادەنێم (تا زەوی ئاوەدان بکاتەوە). فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێ تیایدا دەکەیتە جێ نشین که خراپەو تاوانی تیا بکاو خوێن ڕێژیی تیا ئەنجام بدات؟! له کاتێکدا که ئێمه (شایسته ترین) قەدری تۆ بەچاکی دەزانین، (له وەڵامیاندا) خوا فەرمووی: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن".

وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (31)

"(ئەوسا ئیتر خوا ویستی توانایی و لێهاتویی ئادەم بۆ فریشتەکان ڕوون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری کرد، لەوەودوا نیشانی فریشتەکانیشی داو پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن و (توانای ئاوەدان کردنەوەی زەویتان هەیە؟)".

قَالُواْ سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (32)

"فریشتەکان وتیان: پاکی و بێ گەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیە، ئێمە نازانین هیچ بڵێین، ئێمە تەنها ئەوە دەزانین که تۆ فێرت کردووین، بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی زۆر زاناو دانایت".

قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ (33)

"ئەوجا خوا فەرمووی ئەی ئادەم، ئادەی تۆ ناوی ئەو شتانەیان پێ بڵێ، جا کاتێك ئادەم هەواڵی ناوەکانی پێدان...خوا فەرموی: ئەی پێم نەگوتن من ئاگادارم به نهێنی ئاسمانەکان و زەوی، وه دەزانم چی دەردەخەن و چی دەشارنەوە؟!".

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (34)

"(هەروەها يادیان بێنەوە) کاتێك کە بە فریشتەکانمان ووت: سوژدە بەرن بۆ ئادەم (ئەڵبەتە سوژدەی ڕێز، وە بە فەرمانی خوا) هەموویان بێ ماتڵی، بێ دوو دڵی سوژدەیان بردو فەرمانی خوایان بەجێ هێنا جگە شەیتان نەبێ کە سەرپێچی کردو خۆی بە گەورە زانی و خۆی خستە ڕیزی کافرانەوە".

وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ (35)

"ئەوجا وتمان: ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لە بەهەشتدا ژیان بەرنە سەر و نیشتەجێ بن لە هەرکوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە بە تێرو تەسەلی، بەڵام نزیك ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی دیاری کراو بۆ تاقی کردنەوە لێیان قەدەغە کرد) ئەگینا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە".

فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (36)

"شەیتان (فرسەتی لێ هێنان) و لەخشتەی بردن (وای لێ کردن لە بەروبومی درەختە قەدەغە کراوەکە بخۆن) وە لەو (شوێنە خۆش و پڕ لە نازو نیعمەتە) بە دەرکردنی دان ئەوسا پێمان وتن: (مادەم سەرپێچیتان کرد ئیتر لێرە جێتان نابێتەوە، دەبێ) دابەزنە خوارەوە (بۆ سەر زەوی) وە لەوێ هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن، تا ماوەیەکی دیاری کراو نیشتەجێ دەبن و لە نازونیعمەتان سود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن".

فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (37)

"ئەوجا ئادەم لە لایەن پەروەردگاریەوە چەند وشەو (نزایەك)ی وەرگرت (بەدڵ و بە کوڵ پاڕایەوە) (خوای میهرەبانیش) نزاکەی

وەرگرت و لێی خۆش بوو، چونکە بەڕاستی ئەو، زاتێکی ئێجگار میهرەبان و تۆبە وەرگرە. (نزاکەش لە ئایەتی 23ی ئەعراف دا هاتووە)".

قُلْنَا اهْبِطُواْ مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (38)

"ئەوجا وتمان: هەمووتان دەبێ دابەزن (بۆ سەر زەوی) هەرکاتێ لەلایەن منەوە ڕێنومایییتان بۆ هات، ئەوکاتە هەرکەس شوێن ڕێنومایی من بکەوێ، نە ترس و بیمیان لە سەر دەبێت، نە غەمگین و دڵتەنگ دەبن".

وَالَّذِينَ كَفَرواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (39)

"ئەوانەش کە بێ باوەڕن و ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ دەخەنەوە، ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن و بۆ هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە".

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُواْ بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ (40)

" ئەی نەوەی ئیسرائیل (نەوەی حەزرەتی یەعقوب سەلامی خوای لەسەر) یادی نازو نیعمەتی من بکەنەوە کە بە سەرتانا ڕژاندومە، وە بە وەفاو بە ئەمەك بن بۆ پەیمانەکەم (کە ئیمان و کردەوەی چاك و باوەڕکردنە بە هەموو پێغەمبەران بەبێ جیاوازی) منیش بەوەفا و بە ئەمەك دەبم بەو پەیمانەی کە پێم داون (کە جێ نشین کردنە لە دنیادا، وە بەهەشتی بەرینە لە قیامەتدا) وە تەنها بە ترس و بیمتان لە من هەبێت".

وَآمِنُواْ بِمَا أَنزَلْتُ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ وَلاَ تَكُونُواْ أَوَّلَ كَافِرٍ بِهِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّايَ فَاتَّقُونِ (41)

هەروەها ئیمان بهێنن بەو قورئانەی کە ناردومەتە خوارەوە کە پاڵپشتی پەیامەکەی لای ئێوەیە ( تەورات و ئینجیلی دەستکاری نەکراو) مەبنە یەکەم بێ بڕوا پێی ( لە جیاتی یەکەم باوەڕدار) و ئایەتەکانم بەنرخێکی کەم مەگۆڕنەوە ( لەپێناوی بەدەستهێنانی هەندێ مەرامی کەم نرخی دنیادا)، تەنها لە من بترسن و خۆتان لە خەشمی من بپارێزن.

وَلاَ تَلْبِسُواْ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُواْ الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ (42)

نەکەن ڕاستی و بەتاڵ، حەق و ناحەق بە یەکەوە بئاڵێنن و حەق مەشارنەوە، درۆ دامەپۆشن بەڕاست، لەکاتێکدا خۆشتان حەق و ڕاستی دەزانن کامەیە .

وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ (43)

نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن بەدروشمەکانیەوەو زەکاتیش بدەن، لەگەڵ کڕنووش بەراندا کڕنووش ببەن (بۆ پەروەردگارتان).

أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (44)

(کەی ئەوە ڕاستە) فەرمانی چاکە بەخەڵکی بدەن و خۆتان فەرامۆش بکەن؟! لەکاتێکدا خۆ ئێوە کتێبی خوا ـ تەورات ـ دەخوێننەوە، (دەزانن سزای گوفتاری بێ ڕەفتار چۆنە) جا ئایا ژیریتان ڕێتان لێناگرێت لەو هەڵوێستە ناشرینە؟!

وَاسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ (45)

(ئێوە هەوڵ بدەن) پشت ببەستن بە ئارامگرتن و نوێژکردن (بۆ گەیشتن بەئامانج) بەڕاستی نوێژ ئەرکێکی گەورەو گرانە، مەگەر لەسەر ئەو

کەسانەی کە بەخۆشەویستی و سۆزەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەن و(باوەڕی دامەزراویان هەیە)....

الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُوا رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ (46)

ئەوانەی دەزانن بێگومان بەدیداری پەروەردگاریان شاد دەبن و باوەڕی پتەویان هەیە کە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ (47)

ئەی نەوەی ئیسرائیل: یادی نازو نیعمەتەکانم بکەنەوە کە ڕشتومە بەسەرتاندا بێگومان من گرنگی زۆرم پێداون و نازونیعمەتی زۆرم پێبەخشیوون (لە خواردن و خواردنەوە لە موعجیزەی جۆراوجۆر، لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ... هتد ) من زیادە ڕێزی ئێوەم داوە بەسەر هەموو خەڵکیدا (ئەڵبەتە لەسەردەمی خۆیانداو ئەوانەی کە پابەندی ئاینی خوا بوون، بە تایبەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان).....

وَاتَّقُواْ يَوْمًا لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ (48)

خۆتان بپارێزن لە ڕۆژێك کە کەس فریای کەس ناکەوێت و کەس هیچی لە دەست نایەت و تکاکاریی کەسیش وەرناگیرێت و بارمتە و گۆڕانکاری تیادا ئەنجام نادرێت و ئەو کەسانەی خوانەناسن یارمەتی نادرێن و سەرناخرێن.

وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوَءَ الْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ (49)

بیری نیعمەتی ڕزگاربونیشتان بکەنەوە کاتێك ڕزگارمان کردن لە دەست دارو دەستەی فیرعەون کە خراپترین سزاو ئازاریان دەدان، کوڕەکانتانیان سەردەبڕین و ئافرەتەکانتانیان دەهێشتەوە (بۆ کارەکەری

و خزمەت) ئەوش بۆ ئێوە توش هات و تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو بۆتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە (تا پشت بەو زاتە ببەستن و بڕوای تەواوتان پێی هەبێت).

وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ فَأَنجَيْنَاكُمْ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ (50)

یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کە لەبەر خاتری ئێوە دەریاکەمان لەت کرد، ئینجا ڕزگارمان کردن، دارو دەستەی فیرعەونمان نغرۆ کرد، لەکاتێکدا ئێوە بەچاوی خۆتان بینیتان و تەماشاتان دەکردن.

وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَى أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ (51)

یادی ئەو (نیعمەتە) بکەنەوە کاتێك چل شەو وادەمان دانا بۆ موسا (بۆ پاڕانەوەو نزا) پاشان گوێرەکەکەتان کردە خواتان، بێگومان ئێوە ستەمکار بوون.

ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُمِ مِّن بَعْدِ ذَلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (52)

پاشان (لەو هەموو هەڵانەتان) خۆشبووین بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریی بکەن.

وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (53)

یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك کتێبی (تەورات) و جیاکەرەوەی (ڕەواو، ناڕەوامان) بەخشی بە موسا بۆ ئەوەی ڕێبازی هیدایەت بگرنەبەر (لە گومڕایی ڕزگارتان ببێت).

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُمْ بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ فَتُوبُواْ إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (54)

یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك موسا بە قەوم و هۆزی خۆی وت: ئەی قەوم و هۆزەکەم بەڕاستی ئێوە بەو گوێرەکە پەرستی یە ستەمتان لە خۆتان کردووە، دەی بگەڕێنەوە بۆ لای بەدیهێنەرتان و تەوبە بکەن و ئینجا خۆتان بکوژن (بێ تاوان تاوانبار بکوژێت)، ئەوە باشترە بۆتان (چونکە تاوانەکەتان زۆر گەورەیە) پاشان ئەویش (واتە خوا دوای لەناو بردنی هەندێك لە تاوانباران) تۆبەی وەرگرت (لەوانەی مابوون)، لە ڕاستیدا تەنها ئەو زاتە هێجگار تەوبە وەرگرو بە ڕەحم و دلۆڤانە.

وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ (55)

یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کە وتتان: ئەی موسا هەرگیز باوەڕت پێناهێنین تا وەکو بە ئاشکراو بە چاوی خۆمان خوا نەبینین، ئیتر یەکسەر هەورە بروسکەکە لێی دان، لە کاتێکدا کە تەماشاتان دەکردو بە دەورو بەری خۆتاندا دەتانڕوانی (بەسەرسامیەوە بیرتان دەکردەوە).

ثُمَّ بَعَثْنَاكُم مِّن بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (56)

پاشان زیندوومان کردنەوەو ژیانمان پێبەخشینەوە لە دوای ئەو مەرگەتان بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن.

وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (57)

(هەروەها) لە نازو نیعمەتەکانی خوا بۆتان ئەوەیە: ئێمە هەورمان بۆ کردن بەسێبەرو گەزۆمان بۆ باراندن و پەلەوەری شەلاقەمان بۆ ناردن، دە بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییە چاکانەی کە پێمان بەخشیوون (بەڵام لەبەر بێ دینی و ستەمیان تۆڵەمان لێسەندن)، جا وە نەبێت ئەوانە ستەمیان لە ئێمە کرد بێت بەڵکو هەر ستەمیان لە خۆیان دەکرد.

وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُواْ هَذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُواْ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ (58)

یادی ئەو نیعمەتە بكەنەوە كاتێك وتمان: بچنە ئەم شارەوە (كە قودسە)، جا هەرچی حەزی لێدەكەن لەوێ لە هەر جێگەیەكی بە فراوانی و خۆشی بیخۆن، لە دەروازەی شارەكە بەڕێزو كڕنووشی (پێزانینەوە) بچنە ژوورەوە و بڵێن: خوایە لە تاوانەكانمان ببوورە، ئەو كاتە ئێمەش لە هەڵە و تاوانەكانتان دەبوورین، ئێمە پاداشتی چاكەكاران لە ئاییندەدا زۆر بە زیادەوە دەدەینەوە.

فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوْلًا غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ (59)

كەچی ئەوانەی ستەمیان كردبوو یەكسەر گوفتارەكەیان گۆڕی بەشتێك بێجگە لەوەی پێیان وترا بوو (واتە بە لووت بەرزیەوە چوونە ژوورەوە)، جا ئێمەش لە ئاسمانەوە سزایەكمان دابەزاندە سەر ئەوانەی ستەمیان كرد بەهۆی ئەوەی لە فەرمانی خوا دەردەچوون.

وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ كُلُواْ وَاشْرَبُوا مِن رِّزْقِ اللَّهِ وَلاَ تَعْثَوْاْ فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ (60)

یادی ئەو نیعمەتە بكەنەوە كاتێك موسا بۆ قەوم و گەلەكەی خۆی داوای بارینی بارانی كرد، ئێمەش پێمان وت: بە گۆچانەكەت بدە بە (تاشە) بەردەكەدا (جا هەر كە ئەو كارەی ئەنجامدا) بەردەكە دوانزە كانی لێ هەڵقوڵا، بێگومان هەر هۆزێك چاوگەی خۆی ناسی (ئینجا پێمان وتن) دە بخۆن و بخۆنەوە لە ڕزق و ڕۆزی و بەخششی خواو تاوان و خراپە مەكەن لەسەر زەویدا لە كاتێكدا كە بەچاندنی تۆوی خراپەوە خەریكن.

وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نَّصْبِرَ عَلَىَ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ

الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ اهْبِطُواْ مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ وَبَآؤُوْاْ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ (61)

یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك بە موساتان وت: ئێمە هەرگیز لەسەر یەك جۆر خۆراك ئۆقرە ناگرین و بەتەنها جۆرێك خواردەمەنی ڕازی نین، لەبەرئەوە داوا لە پەروەردگارت بکە لە ڕزق و ڕۆزی و بەرو بوومی زەویمان بۆ بەرهەم بهێنێت لە ڕوەکی پاقلەیی و خەیار و سیرو نیسك و پیاز، موسا پێی وتن: باشە چۆن ئێوە شتی کەم و ئایەخ و ناتەواو وەردەگرن لەجیاتی شتی لەو چاکترو باشتر؟ دە دابەزن بۆ شارێك (بیابانی سینا، بەجێبهێڵن) ئینجا بەڕاستی ئەوەی داوای دەکەن دەستتان دەکەوێت. (جا بەهۆی ئەو بیروباوەڕو بیانوو گرتن و لاساریيەیانەوە) سوکیی و ڕیسوایی و لاتی و زەبوونی درا بەسەریاندا و شایانی خەشم و قینی خوایش بوون، چونکە ئەوان بەڕاستی باوەڕیان نەدەکرد بەئایەتەکانی خواو، پێغەمبەرەکانیان بەناحەق دەکوشت، ئەوەش بەهۆی ڕۆچوونیانەوە لەیاخی بوون و نافەرمانیدا، هەمیشە دەستدرێژیان دەکرد (ئێستەش بەردەوامن لەسەر بەرنامەی باوو باپیرانی خوانەناسیان).

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (62)

بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد)، ئەوانەش بوونەتە جوولەکە (شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی موسان)، گاورەکانیش (کە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی عیسان)، (صابئە)ش (کە شوێنکەوتەی ڕاستەقیەی داودن)، ئەوانە هەر دەستەیەکیان باوەڕی دامەزراوی هێنا بێت بەخوا و ڕۆژی دوایی و کارو کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت، جا ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترس و بیمیان دەبێت، نەغەم و پەژارەش ڕوویان تێدەکات.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (63)

یادی ئەو نیعمەتەش بکەنەوە کاتێك پەیمانمان لێوەرگرتن (کە پەیڕەوی تەورات بکەن) و کێوی طورمان بەڕاسەرتانەوە ڕاگرت و پێمان وتن: ئەو بەرنامەیەی پێمانداون بە توند بیگرن (ئەگینا ئەم چیایە دەدەین بەسەرتاندا)، هەمیشەش با لە بیرتان بێت چی تێدایەو چیتان لێدەخوازێت، بۆ ئەوەی لە خوا ترس و پارێزکاربن.

ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَلَوْلاَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَكُنتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ (64)

کەچی پاش ئەوانە هەمووی ڕووتان وەرچەرخاند لە ڕێبازی خوا، (پەیمانەکەتان شکاند)، ئەوکاتە ئەگەر بەزەیی و یارمەتی و فەزڵی خوا نەبوایە لە سەرتان، ئەوە دەچوونە ڕیزی خەسارەتمەندانەوە.

وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَواْ مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ (65)

سوێند بەخوا بێگومان زانیوتانە و ئاگادارن چیمان بەسەر ئەوانەتاندا هێنا ڕۆژانی شەممە دەستدرێژییان دەکردو لە سنوور دەردەچوون، (لەبەر ئەوە بڕیارمانداو) وتمان: ببنە مەیموونی دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوا (بڕیار بوو جوولەکەکانی شارەکەی قەراغ دەریا ـ ئیلیە ـ ڕۆژانی شەممە تەرخان بکەن بۆ خواپەرستی و ڕاوەماسی تیادانەکەن، دیارە ماسییەکانیش هەستیان بەوە کردووە، بۆیە لەو ڕۆژەدا خۆیان نواندووە، جولەکەش بەسروشت زۆر بەتەماعن، بیریان کردەوە لە تەگبیرو فێڵێك، ئەویش بەوەی کە لە ڕۆژی هەینیدا داوو تۆڕیان بۆ بنێنەوە تا لە شەممەدا تێی بکەون، ڕۆژی یەك شەممە چی کەوتۆتە داوو تۆڕەکانەوە دەری بهێنن (لە تەفسیری ئایەتی 163 تا 166، لە سورەتی ـ الأعراف ـ دا ئەم ڕووداوە باسکراوە).

فَجَعَلْنَاهَا نَكَالًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ (66)

ئينجا ئەو بە مەیموون کردنەمان گێڕا بە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانەی کە: هاوچەرخی ڕووداوەکە بوون و بۆ ئەوانەش لەدوای ئەوان دێن، هەروەها کردمانە ئامۆژگاری بۆ خواناس و پارێزکاران.

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُواْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِاللّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ (67)

یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك موسا بە قەومەکەی وت: بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە مانگایەك سەر ببڕن (کاتێك یەکێکیان لێ کوژرا بوو، بکوژەکەش لای زۆربەیان نادیاربوو، هاناو هاواریان برد بۆ موسا) وتیان: ئایا دەمانکەیتە گاڵتەجاڕی خۆت؟ موسا وتی: پەنا دەگرم بە خوا بچمە ڕیزی نەفامانەوە (گاڵتە بە خەڵکی بکەم).

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لّنَا مَا هِيَ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُواْ مَا تُؤْمَرونَ (68)

ئینجا وتیان: (جا کەوایە) لە پەروەردگارت داوا بکە بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەو مانگایە کامەیە؟ موسا وتی: بەراستی خوا دەفەرموێت: ئەو مانگایە نە پیرەو نە پارینە بەڵکو میانە ساڵە، (ئیتر ئەوەندە قوڵی مەکەنەوەو لەسەری مەڕۆن) چ فەرمانێکتان پێدراوە جێ بەجێی بکەن.

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاء فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ (69)

کەچی وتیان: لە پەروەردگارت داوا بکە بزانین ڕەنگی چۆنە؟ موسا وتی: بێگومان خوا دەفەرموێت: ئەو مانگایە مانگایەکی ڕەنگ زەردی تۆخە، تەماشاکەرانی دڵخۆش دەکات.

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ البَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّا إِن شَاء اللَّهُ لَمُهْتَدُونَ (70)

کەچی هەر وتیان: لە پەروەردگارت داوا بکە تا بەتەواوی بۆمان ڕوون بکاتەوە بزانین ئەم مانگایە چۆن مانگایەکە؟! چونکە بەڕاستی ئەو مانگایەمان بۆ نادۆزرێتەوە، ئەگەر خوا وویستی لەسەر بێت دەیدۆزینەوە و ڕێمان لێی دەکەوێت.

قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ فِيهَا قَالُواْ الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ (71)

موسا وتی: خوا دەفەرموێت: ئەو مانگایە هێشتا ڕانەهێنراوە، بۆ جوت کردن و زەوی کێڵان، وە ئاودێری کشتوکاڵی پێ نەکراوە، یەك ڕەنگەو پەڵە پەڵە نیە، ئەوسا وتیان: ئایا ئێستە ئیتر هەواڵی ڕاستەقینەت پێ داین، (ئیتر داوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەدەست هێنا) و سەریان بڕی، هەرچەندە خەریك بوو ئەو کارە نەکەن.

وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا وَاللّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ (72)

(بیرتانە) چۆن کەسێکتان کوشت و ئاژاوە لە نێوانتانا بەرپا بوو، خوایش ئەوەی دەتان شاردەوە دەریخست پێتان و ئاشکرای کرد (کە بکوژ کێیە).

فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (73)

ئەوجا وتمان: پارچەیەك لەو مانگا سەربڕاوە بدەن بە لاشەی کوژراوەکەدا (دیارە بە ویستی خوا کوژراوەکە زیندووبۆتەوەو ڕاستی بکوژەکەی خۆی وتوە)، جا ئابەو شێوەیە خوا بەئاسانی مردوان زیندو دەکاتەوەو دەسەڵاتی خۆیتان نیشان دەدات بەڵکو تێ بگەن و ژیر بن.

ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاء وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللّهِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (74)

کەچی لەوەو دوا دڵەکانتان ڕەق بوو (ئەی جولەکەکان) هەروەك بەرد، بەڵکو ڕەقتریش (چونکە) بەڕاستی بەرد هەیە کە ڕووباری لێ هەڵدەقوڵێ، هەشیانە لەت لەت دەبێ و ئاوی لێ دێتە دەرەوە، هەشیانە لە ترسی خوا لوتکەی شاخەکان بەردەبێتەوە، خوایش بێ ئاگا نییە لەو کارو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن.

أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (75)

ئایا ئێوە (ئەی گرۆی ئیمانداران) بەتەمان و ئومێدەوارن کە جولەکە ئیمان و باوەڕ بێنن بە ئاینەکەی ئێوە، لە کاتێکدا کە دەستەیەك لە شارەزاکانیان گوفتاری خوایان دەبیست لە (تەورات)دا، لەوەودوا دەست کاریان دەکرد دوای ئەوەی کە تێی گەیشتبوون و دەیانزانی ڕاستیەکەی چییە.

وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلاَ بَعْضُهُمْ إِلَىَ بَعْضٍ قَالُواْ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَآجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (76)

هەرکاتێ (جوەکان) توشی ئیمانداران دەهاتن دەیان وت: ئێمەش ئیمانمان هێناوەو (موسوڵمان بوین)، بەڵام کاتێك کە پێکەوە کۆدەبونەوە (ئەوانەی کە لە سەر ئاینی خۆیان مابونەوە) بەوانی تریان دەوت ئەرێ ئەوە بۆ ئێوە ئەو شتانەیان بۆ باس دەکەن کە خوا بۆ ئێوەی لە (تەورات)دا باس کردووە (دەربارەی پێغەمبەرایەتی محمد صلى الله عليه وسلم) تاوەکو بیکەنە بەڵگە بەسەرتانەوە لای پەروەردگار!! ئایا ئێوە عەقڵتان بەو جۆرە شتانە ناشکێت و ژیریتان ناخەنەکار؟!

أَوَلاَ يَعْلَمُونَ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ (77)

ئایا مەگەر ئەوانە نازانن کە خوا دەزانێ چی پەنهان دەکەن و چیش ئاشکرا دەکەن؟

وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلاَّ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ (78)

هەندی لەوانە نەشارەزاو نەخوێندەوارن، وا دەزانن (تەورات) جگە لە چەند ئاوات و هیوایەك هیچی تر نییە، ئەوانە هەر گومانیان کردۆتە پیشەی خۆیان.

فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ (79)

واوەیلا لەو کەسانەی کە کتێب دەنووسن بە دەستی خۆیان و دەڵێن: ئا ئەمە لەلایەن خواوەیە، تا کەمێك لە ماڵی دنیا بەدەست بهێنن. جا وەیل بۆ ئەو دەست و (قەڵەمانەی) کە شتی وا دەنووسن، وە وەیل بۆ ئەو کەسانەی کە کەسابەتی ئاوا ئەنجام دەدەن.

وَقَالُواْ لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلاَّ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ اللّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ اللّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (80)

جولەکەکان دەڵێن: (چەندە گوناهبار بین) تەنها چەند ڕۆژێکی کەم لە دۆزەخدا دەمێنینەوە!! پێ یان بڵێ: باشە ئێوە پەیمانتان لەخوا وەرگرتووە تا خوای گەورە پەیمانەکەیتان بۆ بەرێتە سەر؟! یا هەر دەتانەوێت شتێك بڵێن بەدەم خواوە کە هیچ بناغەیەکی نیەو هەر نازانن (چی دەڵێن)!!

بَلَى مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (81)

(چاك بزانن)، ئەو کەسە گوناه و تاوان ئەنجام بدات و تاوانەکانی هەموو لایەکی دابگرێ (ئاشکراو نادیاری) ئەو جۆرە کەسانە نیشتەجێ ی ئاگری دۆزەخن وە بۆ هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە (لە هەر هۆزو تیرەو تایەفەیەك بن).

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (82)

ئەو كەسانەش كە باوەڕيان هێناوەو كارو كردەوەى چاكە ئەنجام دەدەن، ئەوانە خاوەن و نيشتەجێ ى بەهەشتن و تيايدا ژيانى هەتاهەتايى دەبنە سەر (لە هەر چين و توێژو ڕەگەزێك بن).

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ تَعْبُدُونَ إِلاَّ اللّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلاَّ قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مِّعْرِضُونَ (83)

(لەبيرتانە) كاتێك كە پەيمانمان وەرگرت لە نەوەى ئيسرائيل كە جگە لە خوا كەسى تر نەپەرستن وە لەگەڵ دايك و باوك دا چاكەكار بن، هەروەها لە خزمان و هەتيوان و هەژارانيشدا. وە گوفتارى چاك و جوان ڕوو بۆ خەڵكى بڵێن، هەروەها نوێژەكانتان بەچاكى ئەنجام بدەن و زەكاتيش ببەخشن، كەچى ئێوە (لەجياتى گوێڕايەڵى) پشتتان تێ كرد، جگە لە كەمێكتان نەبێ، ئەگينا زۆربەتان ڕووتان (لەو هەموو ئامۆژگاريە بەسوودانە) وەرچەرخاند.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لاَ تَسْفِكُونَ دِمَاءكُمْ وَلاَ تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ (84)

(لەبيرتانە) كاتێك كە پەيمانمان لە ئێوە وەرگرت كە ئيتر خوێنى يەكتر نەڕێژن، وە يەكتر لە ماڵ و حاڵى خۆتان دەربەدەر نەكەن، وە بڕياريشتان لەسەر ئەوە داو خۆيشتان شايەت بوون.

ثُمَّ أَنتُمْ هَؤُلاء تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (85)

کەچی ئەوەتە ئێوە (ئاماژەیە بۆ جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) خەریکی یەکتر کوشتنن، دەستەیەك لە (خزمانی) خۆتان لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەر دەکەن و پیلان دەگێڕن دژ بە دەستەیەکتان تاوان و دوژمنایەتی دەنوێنن، کەچی ئەگەر بە دیل دەستگیریان بکەن بە فیدیە ئازادیان دەکەنەوە، لە حاڵێکدا دەربەدەرکردنەکەیان لەسەرتان حەرامە، (ئیتر چۆن فیدیە وەردەگرن)؟!

أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآَخِرَةِ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ (86)

ئەمانە ئەوانەن کە ژیانی (بەهەشت)و ڕۆژی دواییان فرۆشتوەو گۆڕیویانەتەوە بە ژیانی دنیا، لەبەر ئەوە سزایان لەسەر کەم ناکرێتەوەو ئەوانە هەرگیز یارمەتی نادرێن و سەرناخرێن.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءكُمْ رَسُولٌ بِمَا لاَ تَهْوَى أَنفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ (87)

بەڕاستی ئێمە تەوراتمان بەخشی بە موساو بەردەوام دوای ئەویش پێغەمبەرانمان ڕەوانە کرد، وە عیسای کوڕی مەریەم بەڵگەو نیشانەو (معجزة) جۆراوجۆرمان بەخشی و پشتگیریمان کرد بە فریشتە (جبرئیل)، باشە ئایا (ئەمە ڕاستە) هەر کاتێك پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردبێت، بەڵام لەگەڵ ئارەزووەکانی ئێوەدا نەگونجا بێ، خۆتان بە زل زانیوەو لووتان بەرز کردۆتەوەو بڕواتان نەهێناوە، ئەوجا دەستەیەکتان (پێغەمبەرەکانتان) بە درۆ خستۆتەوەو هەندێکیشتان (لەو ئادەمیزادە بەڕێزانەتان) دەکوشت.

وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَل لَّعَنَهُمُ اللَّه بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ (88)

(جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) وتیان: دڵەکانمان داخراوە (لە گوفتاری تۆ، تێناگەین، ئەوە وانیە) بەڵکو ئەوانە خوا

نەفرینی لێ کردوون بەهۆی کوفرو خوا نەناسیانەوە، زۆر کەم ئیمان دەهێنن و باوەڕ دەکەن.

وَلَمَّا جَاءهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَاءهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّه عَلَى الْكَافِرِينَ (89)

کاتێك کە لەلایەن خواوە کتێبێك (قورئان) هات بۆیان، کە: ئەو کتێبانەی ئەوانیش پەسەند دەکات و بەڕاستی دەزانی، بەمەرجێ پێشتر مژدەیان دەدا (بەهاتنی پێغەمبەر) بەو خەڵکەی کە خوانەناس و ی ی باوەڕ بوون، کەچی کاتێك (ئەو پێغەمبەرەیان) بۆ هات کە دەیناسن، بڕوایان پێ نەکرد، کەواتە با نەفرین و لەعنەتی خوا لەسەر کافران بێت.

بِئْسَمَا اشْتَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُواْ بِمَا أنَزَلَ اللّهُ بَغْياً أَن يُنَزِّلُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ فَبَآؤُواْ بِغَضَبٍ عَلَى غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ (90)

(ئەو جولەکانە) خۆیان بە شتێکی ناپەسەند فرۆشت (هەڵوێستێکی نادروستیان نواند) کاتێك کە کافرن بوون بەو (قورئانەی) خوا ناردویەتی، (لە حەسودی) و سەرکەشی دا (ڕەخنەیان گرت و گوتیان): بۆچی خوای گەورە دەرگای فەزڵ و لای ڕەحمەت دەکاتەوە لە هەر کەسێك کە بیەوێت لە بندەکانی، ئەوسا ئیتر دوچاری یەك لەسەر یەکی ڕق و خەشمی خوا بوون (چونکە وەنەبێ تەنها کافر بوبن بە محمد صلى الله عليه وسلم و بە قورئان، بەڵکو کافر بوون بە موسا و تەوراتیش کە داوای شوێنکەوتنی محمدیان لێ دەکات)نوە بۆ کافرو خوا نەناسەکان سزایەکی ڕیسواکەر ئامادەیە.

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ بِمَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ نُؤْمِنُ بِمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرونَ بِمَا وَرَاءهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقاً لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (91)

(ئەوانە) کە پێیان دەوترێ باوەڕ بێنن بەوەی کە لەلایەن خواوە ڕەوانە کراوە، دەڵێن: ئێمە تەنها باوەڕمان بەوە هەیە کە بۆ ئێمە ڕەوانە کراوە، وە باوەڕیان نیە بە هەموو ئەوانەی کە لە دوای (تەورات) هاتووە وەکو (ئینجیل و قورئان) لە کاتێکدا کە ئەو قورئانە حەق و ڕاستیەو بە ڕاستدانەری (تەورات)ی ئەوانیشە، پێیان بڵێ: ئەی کەواتە بۆچی پێشتر پێغەمبەرەکانی خواتان دەکوشت ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

وَلَقَدْ جَاءكُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ (92)

بەڕاستی موسا نیشانەی فرەو (معجزة)ی زۆری نیشاندان، کەچی (کاتێك کە چوو بۆ نزای پەروەردگار، لە کێوی طور) ئێوە گوێرەکەتان پەرست و ستەمێکی ناڕەواتان کرد.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاسْمَعُواْ قَالُواْ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُواْ فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُمْ بِهِ إِيمَانُكُمْ إِن كُنتُمْ مُّؤْمِنِينَ (93)

(بیرتانە) کاتێك کە پەیمانمان لێ وەرگرتن و کێوی طورمان بەسەردا بەرزکردنەوەو (فەرمانمان پێدان): ئەوەی پێمان بەخشیون لە (تەورات) بەتوندی بیگرن و لێ ی لامەدەن و گوێ رایەڵ بن، (بەدەم) وتیان: گوێ ڕایەڵین، (بەڵام بەکردەوە) پێچەوانەیان کرد، وە گوێرەکە پەرستی تێکەڵی دڵ و دەرونیان بووبوو بەهۆی بێ باوەڕیانەوە، پێ یان بڵێ: (ئەگەر وا بێت) ئیمانەکەتان شتی ناڕەواتان پێ دەڵێت ئەگەر ئیمانداران؟! (باووباپیران گوێرەکە پەرست و پێغەمبەر کوژ بوون و ئێوەش سەرسەخت و بێ باوەڕن).

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الآَخِرَةُ عِندَ اللّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (94)

(ئەی محمد صلیئ الله علیه وسلم پێیان) بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕتان وایە کە ماڵی ئەو دنیا (بەهەشت) لای خوا تایبەتی ئێوەیە نەك

خەڵكی تر دە ئاواتی مردن بخوازن ئەگەر ڕاست دەكەن (تا زوو بچنە ناو بەهەشت)!!

وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمينَ (95)

(بەڵام ئەوانە) بەهۆی ڕەفتاری نادروست و دەست پێشكەری ناپەسەندیانەوە هەرگیز ئاواتی مەرگ ناخوازن، خوایش چاك ئاگادارە لە حاڵی ستەمكاران.

وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (96)

بەردەوام ئەو جولەكانە دەبینیت كە لە هەموو خەڵكی زیاتر بە تەنگ دنیاو ژیانی دنیاوە دێن هەتا بگرە لە هاوەڵ پەرست و موشریكەكانیش. (جا ئەگەر ڕاستیان بكردایە) ئاواتیان نەدەخواست كە: هەزار ساڵ هەریەكەیان تەمەنی ببوایە، هەرچەندە وەنەبێ ئەو تەمەنە درێژە لە سزا ڕزگاریان بكا، خوایش زۆر بینایە بەو كردەوانەی كە ئەنجامی دەدەن.

قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (97)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ): هەركەسێ دوژمنی جوبرئیلە (بابزانێ) كە هەر ئەو جوبرئیلە بە فەرمانی خوا ئەو قورئانەی دابەزاندۆتە سەر دڵت كە كتێبە پێشوەكان بە ڕاست دادەنێ و ڕێنمویی (بۆ چاكە) دەكات و مژدە بەخشیشە بە ئیمانداران.

مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ (98)

ئەو كەسەی دژایەتی خواو فریشتەكانی و پێغەمبەرەكانی و جوبرەئیل و میكائیل بكات، ئەوە با دڵنیا بێت كە خوایش دوژمنی كافرو بێ باوەڕانە.

وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلاَّ الْفَاسِقُونَ (99)

بێگومان ئێمه نیشانەو ئایەتی زۆرمان بۆ تۆ ناردووه (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) کەس باوەڕی پێی لەق نیه، جگه لە دەرون نەخۆش و یاخی بوەکان.

أَوَكُلَّمَا عَاهَدُواْ عَهْدًا نَّبَذَهُ فَرِيقٌ مِّنْهُم بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (100)

هەرجارێك پەیمان ببەستن (لەگەڵ خواو پێغەمبەرو موسوڵمانان‌دا) خێرا دەستەیەکیان پەیمانەکەیان شکاندووه، بەڵکو زۆربەی زۆریان بڕوایان نیه (بەڕێزو قەدری پەیمان و ئیمان).

وَلَمَّا جَاءهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ كِتَابَ اللّهِ وَرَاء ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ (101)

کاتێك کە پێغەمبەرێکیان لەلایەن خواوه بۆ هات (مەبەست حەزرەتی محمد صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ ئەوەشدا کە (تەورات) پشتگیری لەو ڕاستیه دەکات، دەستەیەك لە خاوەن کتێبەکان (جوەکان) کتێبی خۆیان خسته پشت گوێ و خۆیان لێ گێل کرد، هەروەك هەواڵی وا نەزانن و (نەیان بیستبێ).

وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ (102)

هەندێ لەو (جولەکانه) شوێنی ئەوه کەوتن، کە شەیتانەکان دەیانخوێندەوه دەربارەی دەسەڵات و حکومەتی سولەیمان، (ئاشکرایه) کە هەرگیز سولەیمان کافر نەبووه، بەڵکو شەیتانەکان کافر بوون و خەڵکیان فێری سیحرو جادوو دەکرد، هەروەها مەردومیان فێری ئەوه

کرد کە بۆ هاروت و ماروت (کە دوو فریشتە بوون) لە بابل (دابەزێنرابوون بۆ تێگەیاندنی خەڵکی لە سیحرو جادوو)، ئەوانیش کەسیان فێری هیچ شتێك نەدەکرد تا پێیان نەوتایە: ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقی کردنەوەیەو خۆت کافر مەکە. (کەچی هەندێك هەر کۆڵیان نەداو) لەو فریشتانەوە شتی وا فێر دەبوون کە ژن و مێردی پێ لەیەك جودا بکەن، (هەرچەندە) ئەو جادوگەرانە ناتوانن هیچ زەرەرێك بە کەس بگەیەنن، مەگەر ویستی خوای لەسەر بێ، ئەو خەڵکە سەرگەردانە هەمیشە فێری شتێك دەبن کە زیانیان لە دەداو سودی نییە بۆیان، بێگومان دەشزانن ئەوەی کاڵای وا بکڕێ و شتی وا فێرببێ لەو دونیا هیچ بەهرەیەکی دەست ناکەوێت، (بەڕاستی) ئەو شتەی ئەوان خۆیان پێ فرۆشتووەو کەوتونەتە داویەوە شتێکی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن.

وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُواْ واتَّقَوْا لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ اللَّه خَيْرٌ لَّوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ (103)

خۆ ئەگەر (ئەو جولەکانە) ئیمان و باوەڕیان بهێنایەو پارێزکارو جوانکاربوونایە، بێگومان پاداشتێك کە لەلایەن خوای گەورەوەیە چاکترو بەفەڕ تر بوو بۆیان، ئەگەر بزانن و (بیرو هۆشیان بەکار بهێنن).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقُولُواْ رَاعِنَا وَقُولُواْ انظُرْنَا وَاسْمَعُوا ْوَلِلكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ (104)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەڵێن (راعنا) (چونکە لە زمانی عیبریدا واتاکەی ناشیرینە) بەڵکو بڵێن: (انظرنا) چاوەڕێمان بکە، وە بەچاکی ئەو فەرمانە لەگوێ بگرن، (چونکە) بۆ کافرو بێ باوەڕان سزایەکی بەئێشمان ئامادە کردووە.

مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَاللّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ (105)

چ ئەوانەی کە کافرن لە خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان، چ موشریك و هاوەڵپەرستان حەزناکەن لەلایەن پەروەردگارتانەوە هیچ خێرو بەرەکەتێك داباریَ بۆتان و ڕوتان تیَ بکات، بەڵام خوا ڕەحمەتی خۆی تایبەت دەکات بە هەرکەسێ (کە بیەوێ و شایستە بێ)، وە خوا خاوەنی فەزڵ و بەخششێکی گەورەیە.

مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (106)

هەر ئایەتێك بسڕینەوە، یا بیخەینە بارودۆخی فەرامۆشیەوە و پشتگوێی بخەین، چاکتر لەو یا وێنەی ئەو دەخەینە ڕوو، مەگەر نازانی کە خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە؟

أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ (107)

ئایا نازانی (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) کە بەڕاستی هەر خوا خاوەنی هەموو ئاسمانەکان و زەویە، وە جگە لەو خوایە هیچ پشتیوان و یاریدەدەرێکتان نیە؟

أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْأَلُواْ رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَى مِن قَبْلُ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ (108)

(ئەی هاوەڵان) ئاخۆ ئێوەش دەتانەوێت داخوازی (گەورەو ناقوڵا) لە پێغەمبەرەکەتان (محمد صلی الله علیه وسلم) بکەن، هەروەك کاتی خۆی داخوازی لە موسا کرا، جا هەرکەسێ کوفر بگۆڕێتەوە بە ئیمان، بێگومان ڕێبازی ڕاست و دروستی ون کردووە.

وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواْ وَاصْفَحُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (109)

زۆرێك لە خاوەن كتێبەكان ئاواتەخوازن لەبەر حەسودی و ناپاكی خۆیان ئەگەر بۆیان بكرێ بتانگێڕنەوە ڕیزی بێ باوەڕان ئەمەش دوای ئەوەی كە حەق و ڕاستی یان بەتەواوی بۆ ڕوون بۆتەوەو (چونەتە ڕیزی باوەڕدارانەوە)، بەڵام ئێوە هەر لێیان ببورن و لێیان مەگرن و چاوپۆشی یان لێ بكەن، تا خوا كاری خۆی ئەنجام دەداو ویستی خۆی جێ بەجێ دەكات، بێگومان خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە.

وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَمَا تُقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (110)

(كەواتە ئەی ئیمانداران) نوێژەكانتان بەچاكی ئەنجام بدەن و لە زەكات دانیش درێغی مەكەن، وە دڵنیا بن لە هەر كارێكی چاكە بۆ خۆتانی دەكەن، لای خوا بزر نابێت و دێتەوە ڕێتان چونكە بەڕاستی خوا بینایە بەو كارو كردەوانەی كە ئەنجامی دەدەن.

وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَارَى تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (111)

(جولەكە و گاورەكان) دەڵێن: كەس ناچێتە بەهەشتەوە جگە لەوانەی كە جولەكەن یا گاورن، جا ئەوە ئاوات و خەیاڵی خۆیانە (تۆش ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار پێیان بڵێ): ئەگەر ڕاست دەكەن، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننە مەیدانەوە.

بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِندَ رَبِّهِ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (112)

بەڵێ هەر كەس بەڕاستی ڕوو بكاتە خواو چاكەكارو موسوڵمان بێت، ئەوە پاداشتی خۆی لای پەروەردگاری دەست دەكەوێت، نە ترسیان دەبێ وە نە غەم و پەژارە.

وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَى عَلَىَ شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَى لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَاللّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (113)

جولەکە دەڵێن: گاورەکان لەسەر هیچ بنەماو ڕاستیەك نین، گاورەکانیش دەڵێن جوولەکە لەسەر هیچ بنەماو ڕاستیەك نین، بەمەرجێك ئەوانە کتێبی (تەورات و ئینجیل دەخوێننەوە) هەروەها ئەوانەش کە هیچ نازانن (لە بت پەرستانی عەرەب) هەروا دەڵێن و ( بڕوایان بە ئیسلام و هیچ لایەکیان نیە) خوایش لە ڕۆژی قیامەتدا دادگایی دەکات لە نێوانیانداو بڕیاری دروست لەسەر جیاوازیان دەدات.

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَاجِدَ اللّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَى فِي خَرَابِهَا أُوْلَئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَا إِلاَّ خَآئِفِينَ لهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (114)

جا کێ لەوە تاوانبارترو ستەمکارترە کە مزگەوتەکانی خوا قەدەغە دەکات لەوەی کە ناوی پیرۆزی ئەوی تیا ببرێ و باسی ئاینی ئەوی تیا بکرێ، وە هەوڵ بدا بۆ وێران کردنی، ئەوانە ناچنە مزگەوتەوە بە ترسەوە نەبێت (کە لە دڵ و دەرونیاندا دروست دەبێت)، ئەوانە سوکی و ڕیسوایی بەشیانە لە دنیادا، وە لە قیامەتیش دا سزای سەخت بۆیان ئامادەیە.

وَلِلّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ إِنَّ اللّهَ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (115)

ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و (هەموو لایەك) خوا خاوەنیەتی، ڕوو بکەنە هەرلایەك خوا ڕووی لێتانە، بەڕاستی خوا فراوانگیرو زانایە.

وَقَالُواْ اتَّخَذَ اللّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَل لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ (116)

(جولەکەو گاورو بت پەرستان) دەڵێن: خوا منداڵی بۆخۆی بڕیار داوە (لە کاتێکدا کە خوا پێویستی بە کەس نیە) چونکە هەرچی لە ئاسمانەکان و

زەویدا هەیە هەر خۆی خاوەنیەتی، وە هەر هەموشیان ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەون.

بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ (117)

(هەر ئەو زاتە) بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە بەجوانترین شێوە، وە بڕیاری هەرشتێك بدات، تەنها ئەوەندەی بەسە کە فەرمانی بوونی بدات، ئیتر خێرا ئەو شتە، یا ئەو کارە، دەبێ و ئەنجام دەدرێت.

وَقَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ لَوْلاَ يُكَلِّمُنَا اللّهُ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ (118)

ئەوانەی کە نەفام و نەزانن دەیانگوت: چی ئەبێ ئەگەر خوا لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ بکات!! یا (معجزة) و نیشانەیەکمان بۆ بنێرێت، (شایانی باسە) کەسانی تریش پێش ئەمان هەمان پێشنیاریان دەوت، ئەمانە دڵەکانیان چوونیەکەو لەیەك دەچێت، خۆ ئێمە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراو ڕوونمان دیاری کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕاستی خوازن و بەشوێن حەقیقەتدا دەگەڕێن.

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيراً وَنَذِيراً وَلاَ تُسْأَلُ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ (119)

بەڕاستی (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) ئێمە تۆمان هاوڕێ لەگەڵ حەق و ڕاستەقینەکاندا ڕەوانە کردووە تا مژدەدەر بیت بە ئیمانداران، وە ترسێنەر بی بۆ بێباوەڕان، وە تۆ هەرگیز بەرپرسیار نیت لە نیشتەجێکانی دۆزەخ.

وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ (120)

هەرگیز جولەکەو گاورەکان لە تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) ڕازی نابن، هەتا بەتەواوی شوێن ئاین و بەرنامەیان نەکەویت.

پێیان بڵێ: بەڕاستی هەر بەرنامەی خوا (ئاینی ئیسلام، شایستەی ئەوەیە کە شوێنی بکەون و) هیدایەتی ڕاست و دروست هەر لای ئەوە، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزووەکانی ئەوان بکەوی پاش ئەوەی زانیاری و زانستیت پێ گەیشتووە، ئەوە بزانە کە لەلایەن خواوە هیچ سەرپەرشتیاری و یارمەتیەکت دەست ناکەوێت.

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاَوَتِهِ أُوْلَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمن يَكْفُرْ بِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (121)

دەستەیەك لەوانەی کتێبمان پێ بەخشیون (قورئان) بەچاکی و بەووردی دەوری دەکەنەوە، ئەوانە باوەڕیان پێی هەیەو (باوەڕی پێ دێنن) بەڵام ئەوەی بڕوای پێ ی نەبێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندەکانن.

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ (122)

ئەی نەوەی ئیسرائیل یادی ئەو نازو نیعمەتانە بکەن کە بەسەرتانا ڕژاندومە وە من (کاتی خۆی) ڕێزی ئێوەم دابوو بەسەر هەموو دانیشتوانی ئەم جیهانەدا.

وَاتَّقُواْ يَوْمًا لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ (123)

خۆتان بپارێزن لە سزای ڕۆژێك کە بە هیچ شێوەیەك کەس فریای کەس ناکەوێت، کەس نابێتە بارمتەی کەس و تکاو پاڕانەوەی کەس بۆ کەسانی تر سودی نابێت (وە یاخی بوان و ستەمکاران) سەرکەوتوو نابن.

وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ (124)

(به یاد بێنه) لەوەی کە پەروەردگاری ئیبراهیم، ئیبراهیمی تاقی کردەوە بە چەند فەرمانێکی دیاری کراو (کە چی بکات و چۆن بکات) ئەویش زۆر بەجوانی ئەنجامی دا، دوایی (کە لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت) خوا فەرمووی: من بڕیارم داوە بتکەمە پێشەوای خەڵکی، ئیبراهیم ووتی: (حەز دەکەم) نەوەکانیشم (بەم کارە پیرۆزە هەستن)، خوا فەرموی: پەیام و پەیمانی من نادرێ بە زاڵم و ستەمکاران (با نەوەی تۆش بن).

وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ (125)

(به یاد بێنه) کە چۆن (کەعبە)مان کردە جێگای کۆبوونەوەی خەڵکی، کە بەوپەڕی هێمنی و ئاسودەییەوە لەوێ بەیەك دەگەن (دەئێوەش، خەڵکینە) (مەقامی ئیبراهیم) کە شوێنی تایبەتی خواپەرستی ئەو بوو، بیکەنە جێگای خواپەرستی و نوێژ، ئینجا فەرمانمان دا بە ئیبراهیم و ئیسماعیل کە ئەو خانووە خاوێن بکەنەوە (لە چەپەڵی ماددی و مەعنەوی) بۆ ئەوانەی کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوەو (طواف) دەکەن و تیای دا دەمێننەوەو (اعتکاف) دەکەن هەروەها بۆ کوڕنوش بەران و سوژدەبەران.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آمَنَ مِنْهُم بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (126)

(به یاد بێنه) کاتێك کە ئیبراهیم دوعای کردو ووتی: پەروەردگارا ئەم شوێنە بگێڕی بە شوێنێکی پڕ لە ئاسایش، وە ڕزق و ڕۆزی هەمە جۆر ببەخشە بە دانیشتوانی، (بەتایبەت) بەوانەی کە باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە.

(خوای گەورە وەڵامی دایەوە کە دۆعات گیرایەو) فەرمووی (بەڵام) ئەوەش کە کافرە بێ بەشی ناکەم لە بەرهەم و نازو نیعمەتی کەم تەمەنی

ئەم دنیایە، بەڵام لەوەودوا بەناچاریی تووشی سزای ئاگری دەکەم کە خراپترین سەرئەنجام و چارەنووسە.

وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (127)

بە یاد بێنە ئەو کاتەی کە ئیبراهیم پایەکانی کەعبەی بەرز دەکردەوە لەگەڵ ئیسماعیل داو (دەیانگووت): پەروەردگارا ئەم کارەمان لێ وەرگرەو لەڕیزی چاکەکانماندا تۆماری بکە، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی زۆر بیسەرو زانایت.

رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَآ إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (128)

پەروەردگارا، هەردوکمان وا لێ بکە کە فەرمنابەردارو ملکەچی تۆ بین، وە لە نەوەکانیشمان ئوممەتێکی موسوڵمان و فەرمانبەردار فەراهەم بێنە، وە چۆنیەتی بەرنامەی پەرستنەکانمان بۆ دیاری بکە، وە تەوبەو پەشیمانیمان لێ وەرگرە، بێ گومان تۆ خوایەکی تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانیت.

رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ (129)

پەروەردگارا، بۆ ئەو خەڵکەی (کە لە ئایندەدا دێن) پێغەمبەرێك لەخۆیان ڕەوانە بکە، تا ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوە وە فێری کتێبە پیرۆزەکەت تۆ (واتا قورئان) و دانایی یان بکات، تا دڵ و دەروونیان لە ژەنگ و، کردەوەیان لە ڕەوشتی ناپەسەند پاك بکاتەوە، بێگومان تۆ خوایەکی باڵادەست و دانایت.

وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ (130)

کێ لە ئاینی ئیبراهیم پشت هەڵ دەکات، مەگەر ئەو کەسەی کە گێل و نادان و وێل بێت، بەڕاستی ئێمە ئەومان لەم دنیایەدا هەڵبژاردووە و (کردومانە بە پێشەوا) وە لەو دنیاشدا لە ڕیزی پیاوچاکاندایە.

إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (131)

کاتێك پەروەردگارت پێی وت: ملکەچ و فەرمانبەرداربە، (ئەویش خێرا) وتی: تەسلیمی پەروەردگاری جیهانەکانم و (باوەڕی پتەوم پێی هەیە).

وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إَلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ (132)

ئیبراهیم وەسێتی کرد بۆ نەوەکانی هەروەها یەعقوبیش، (هەریەك لەوان وتوویەتی): ڕۆڵەکانم: بەڕاستی خوا ئاینی یەکتاپەرستی بۆ ئێوە بڕیار داوەو هەڵی بژاردووە، ئیتر ئێوەش هەوڵ بدەن بە موسوڵمانی نەبێت مەمرن و (تا دوا هەناسەتان پەیڕەوی بکەن).

أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاء إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (133)

ئایا ئێوە (ئەی جولەکە و گاورانێك کە محمد بە درۆ دەخەنەوەو خۆشتان بەشوێن کەوتەی ئیبراهیم و یەعقوب دەزانن) ئامادەی سەرەمەرگی یەعقوب بوون؟ ئەو کاتەی بە کوڕەکانی ووت: دوای مردنی من چی دەپەرستن؟!

هەموو وتیان: خوای تۆو باوباپیرانت ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق دەپەرستین کە تاك و تەنهایە، وە ئێمە هەموو تەسلیمی ئەوین و فەمانبەرداری ئەوین.

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ (134)

(بەڵێ) ئەانە كەسانێك بوون ڕۆشتن بە خۆیان و كردەوەیانەوە، ئێوەش هەرچی دەیكەن خۆتان بەرپرسیارن بەرانبەری، وە پرسیاری كارو كردەوەی ئەوان لە ئێوە ناكرێ.

وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُواْ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (135)

(كەچی هێشتا ئەوان موسوڵمانان) دەڵێن: وەرن ببنە جولەكە یا گاور تا بكەونە سەر ڕێگەی ڕاست!!

(ئەی محمد صلى الله علیه وسلم پێیان) بڵێ: (نەخێر وا نەكاین) بەڵكو شوێن ئاین و بەرنامەی ئیبراهیم دەكەوین كە پاك و دروستەو هەرگیز لە ڕیزی بت پەرستان و هاوەڵگەراندا نەبووە.

قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (136)

(ئەی پەیڕەوانی محمد صلى الله علیه وسلم ئێوە) بڵێن: ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوە، وە بەو قورئانەش كە دابەزیوە بۆمان، وە بەوەش كە دابەزیوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەكانی یەعقوب، هەروەها بەوەش كە بۆ موسا و عیسا و تێكڕای پێغەمبەران بەگشتی ڕەوانە كراوە، وە ئێمە هەرگیز جیاوازی ناكەین لە نێوان هیچ كام لەو پێغەمبەرانەدا، وە ئێمە هەمووومان تەسلیمی فەرمانی پەروەردگارمانین.

فَإِنْ آمَنُواْ بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (137)

جا ئەگەر ئەوان (جولەكە و گاورەكان) باوەڕیان هێنا، وەك ئیمان و باوەڕی ئێوە، ئەوە مانای وایە ڕێبازی هیدایەتیان دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەگەر پشتیان تێ كرد، ئەوە ئیتر دەكەونە دژایەتی و دوژمنایەتی ئێوە

(بەڵام دڵنیابە ئەی محمد صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) خوا تۆ دەپارێزێت لە پیلان و تەڵەکەیان چونکە ئەو خوایە زۆر بیسەرو زانایە.

صِبْغَةَ اللّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدونَ (138)

(ئەم ئاین و بەرنامەیە) ئەو ڕەنگ و نەخشەیەیە کە خوا دایڕشتووە، کێ هەیە لە خوا چاکتر ڕەنگ و نەخشەی جوان بکێشێت و دایڕێژێت، لە هەموو بارودۆخێکدا ئێمەی (ئیماندار) هەر ئەو دەپەرستین.

قُلْ أَتُحَآجُّونَنَا فِي اللّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ (139)

(بەو جولەکانە) بڵێ: ئایا ڕەوایە ئێوە دەربارەی ئاینی خوا قڕەو گاڵەو کێشەمان لەگەڵ دەکەن (دەتانەوێت پێغەمبەرایەتی هەر لە ئێوەدا بێت، لە کاتێکدا کە قەدری خوایش نازانن و کوڕو هاوسەری بۆ بڕیار دەدەن!!)، خۆ خۆتان چاك دەزانن کە ئەو خوایە پەروەردگاری ئێمەش و ئێوەشە، کارو کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان و، کارو کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتانە (ئێمە لە بۆچوون و کارو کردەوەتان بەرین) وە ئێمە دڵسۆزو ملکەچین بۆ ئەو پەروەردگارە مەزنە وە هەر ڕەزامەنسی ئەومان مەبەستە.

أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللّهِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (140)

یاخود ئێوە دەڵێن کە: ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و کوڕەکانی، جولەکە یا گاور بوون؟!!

پێیان بڵێ: باشە ئایا ئێوە چاکتر دەزانن یان خوا؟ جا کێ لەوە ستەمکارترە کە ڕاستیەك دەزانێت و دەیشارێتەوە، شایەتیەك دەزانێت و نایڵێت، (بێگومان) خوا بێ ئاگا نیە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (141)

(بەڵێ) ئەوانە کەسانێك بوون ڕۆیشتن بە خۆیان و کردەوەیانەوە، ئێوەش هەرچی دەیکەن خۆتان بەرپرسیارن بەرانبەری، وە پرسیاری کارو کردەوەی ئەوان لە ئێوە ناکرێت.

سَيَقُولُ السُّفَهَاء مِنَ النَّاسِ مَا وَلاَّهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُواْ عَلَيْهَا قُل لِّلّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (142)

بێ ئاوەزو دەم بەتاڵەکان لە خەڵکی (دوای دوای گۆڕینی ڕووگە، لە قودسەوە بۆ کەعبە) دەڵێن: باشە چی وای لێ کردن کە واز لە ڕووگە پێشوەکە بێنن؟! کە جاران ڕوویان تێ دەکرد، پێ یان بڵێ: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (هەموو لایەك) خوا خاوەنیەتی، هەر کەسێکی بوێ و هەرکەس بیەوێ ڕێنمونی دەکا بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و ڕەوان.

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللّهُ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ (143)

بەو شێوەیە ئێوەمان بە گەلێکی میانەڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕویەکەوە، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە، لەڕووی دنیاو قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازیەکانی ڕۆح و نەفسەوە..لە ڕووی...هتد) تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە (تا بزانن ئەم ئاین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێرو سەربەرزیە بۆ تاك و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا، وە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا)، وە پێغەمبەریش (لە هەموو ئەو بوارانەدا مامۆستاو ڕابەری ئێوەیە، وە لە ڕۆژی قیامەتدا) شایەتی دەدا (بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر لەسەر ئەوەی کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون)، وە ئەو قیبلەو ڕووگەیەش کە ڕووت تێ کردبوو (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بۆ ئەوە بوو کە بزانین و دەربکەوێ کێ شوێن کەوتەی پێغەمبەر دەبێ و کێش هەڵدەگەڕێتەوە، هەرچەندە (گۆڕینی

قیبلە) بوو بەهۆی نارەحەتیەکی گەورە بۆ هەندێك، جگە لەوانەی کە خوا دڵیانی دامەزراندبوو، وە ڕێنمویی کردبوون (کە ئیماندار دەبێ فەرمانبەردار بێ) وە خوا ئیمان و باوەڕداریی ئێوە زایە ناکات، چونکە بەڕاستی خوا بۆ خەڵکی بەسۆزو بە بەزەیی یە.

قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوِهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ (144)

(ئەی پێغەمبەر) بەڕاستی چاو گێڕان بە هەڵسوڕانی روخسارت ڕوو بە ئاسمان دەبینین (کە بە هیوای ڕووگەیەکی تایبەتیت، ئێمەش ئاگاداری نیازی دڵت بین) دڵنیابە کە ڕووت دەکەینە ڕووگەیەك کە پێی ڕازی و خۆشنود بیت، دە ڕوو بکەرە کەعبە (مسجد الحرام)، (وە ئێوەش ئەی موسوڵمانان) لە هەرکوێ بون ڕووبکەرە ئەوێ، بە ڕاستی ئەوانەش کە کتێبیان پێ گەیشتووە (لە گاورو جوو) چاك دەزانن کە (ئەم گۆڕانی ڕووگەیە) حەقیقەت و ڕاستیە و فەرمانی خوایە (وە لە تەورات و ئینجیل دا ئاماژەی بۆ کراوە) وە خوا بێ ئاگا نییە لە کاروکردەوەکانیان.

وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَّا تَبِعُواْ قِبْلَتَكَ وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذَاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ (145)

بەراستی تۆ ئەگەر بچیت بۆلای ئەوانەی کتێبیان بۆ هاتووە، وە هەر بەڵگەیەك بتەوێ شوێنی ڕاستی بکەون و ڕووبکەنە ڕووگەی تۆ، ڕووی تێ ناکەن و بەقسەت ناکەن، وە نەبێ تۆش (کە دڵنیای ڕووگەی تۆ ڕەسەن و دێرینترە) دەست هەڵگری و ڕووبکەیتە ڕووگەی ئەوان، وە ئەوانیش ڕوو ناکەنە ڕووگەیەکی تر، وە ئەگەر تۆ شوێن هەواو ئارەزووی ئەوان بکەویت، دوای ئەوەی کە زانیاری تەواوت لە هەموو ڕوویەکەوە پێ ڕاگەیەنراوە، ئەوا تۆ لە ڕیزی ستەمکاران دا دەبیت (بێگومان ئەستەمە تۆ، وا بیت، ئەی فرستادەی خوا).

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (146)

ئەوانەی کە کتێبمان پێ بەخشیون پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەناسن هەروەك چۆن نەوەکانی خۆیان دەناسن، بێگومان دەستەیەك لەوان ڕاستی دەشارنەوە، هەرچەندە دەشزانن (کە ئەوە ڕەوا نیە).

الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ (147)

حەق و ڕاستی هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە پێت ڕاگەیەنراوە، نەکەی لەڕیزی ئەو کەسانەدا بیت کە گومان و دوودڵی (بۆ خەڵکی) دروست دەکەن.

وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُواْ الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُواْ يَأْتِ بِكُمُ اللّهُ جَمِيعًا إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (148)

بۆ هەر گەل و میللەتێك ڕوگەو قیبلەیەك هەیە ڕووی تێدەکات (دەی ئێوەی موسوڵمان) پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاری دا. ڕوو لە هەرکوێ بکەن و لەهەر کوێ بن خوا هەمووتان کۆ دەکاتەوە چونکە بەڕاستی ئەو خوایە بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (149)

لەهەر شوێنێکەوە کە دەرچویتە دەرەوە (لە هەرکوێ بویت لە ماڵ یان سەفەر، لەکاتی نوێژەکاندا) ڕووبکەرە کەعبەی پیرۆز، بێگومان ئەو فەرمانە حەق و ڕاستی یە و لەلایەن پەروەردگارتەوە، وە خوا غافڵ و بێ ئاگا نییە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي وَلأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (150)

له هەر لایەکەوە ڕۆشتیتە دەرەوە و لە هەرکوێ بوویت (لە کاتی نوێژەکاندا) ڕوو بکەرە کەعبەی پیرۆز، وە ئێوەش (ئەی موسوڵمانان) لەهەرکوێ بوون و هەن روو بکەنە ئەوێ، تا خەڵکی و میللەتانی تر بەڵگەیان نەبێت بەسەرتانەوە، مەگەر ستەمکارانیان (کە بەهیچ بەڵگەیەك قایل نابن، وە هەر ئاشوب و پیلان دەگێڕن)، جا لەو تاوانبارو پیلانگێڕانە مەترسن، بەڵکو تەنها لەمن بترسن، تا نازو نیعمەتی خۆمتان بەتەواوی بە سەردا بڕێژم (کە مانەوەیە لە سەر ڕێگەی ڕاست لە دنیادا و بەهەشتی بەرین و ڕەزامەندی خوایە لە دواڕۆژدا) بەڵکو هەوڵ بدەن بەردەوام ڕێبازی هیدایەت بگرنە دەست.

كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولاً مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ (151)

ئەوەتە بۆ تەواوکردنی (نازو نیعمەتم) پێغەمبەرێکم لەخۆتان بۆ ڕەوانە کردون کە ئایەتی منتان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکراتان خاوێن دەکاتەوە، فێری قورئان و حیکمەت و داناییتان دەکات، ئەو شتانەتان فێر دەکات کە هەرگیز خۆتان نەتاندەزانی.

فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ (152)

(دەی کەواتە) ئەی ئیمانداران یادی من بکەن، منیش یادی ئێوە دەکەم، وە سوپاسگوزاری من بن و سوپاس ناپەرێزو ناشکور مەبن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ (153)

ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە کۆمەك و توێشوو وەرگرن، لە ئارامگرتن و نوێژکردن، وە دڵنیا بن کە خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.

وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبيلِ اللّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاء وَلَكِن لاَّ تَشْعُرُونَ (154)

هەرگیز بەو کەسانەی کە لە ڕێگەی خوادا دەکوژرێن و شەهید دەبن مەڵێن: مردوون، بەڵکو ئەوانە زیندوون بەڵام ئێوە هەستیان پێ ناکەن.

وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (155)

بێگومان ئێمە، ئێوە تاقی دەکەینەوە بە هەندێك ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی کەس و کارو تیاچونی بەروبومی کشتوکاڵ، وە مژدە بدە بەو کەسانەی کە خۆگرو ئارامگرن.

الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ (156)

ئەوانەی کە توشی هەر بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دەڵێن: ئێمە هی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە، وە سەرئەنجام هەر بۆلای ئەو زاتە دەگەڕێینەوە.

أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ (157)

ئا ئەوانە ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگاریان شایستەیانە، وە ئەوانە ڕێبازی هیدایەتیان گرتوتە بەر.

إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ (158)

بەڕاستی (هاتوچۆ لە نێوان) صەفاو مەروەدا (کە دوو جێگەن لەپاڵ کەعبەدا) لە دروشمەکانی خواوەندن، جا ئەوەی دەچێت بۆ حەج و زیارەت ماڵی خوا، یاخود عەمرە ئەنجام دەدات (کە لە هەموو کاتێکی ساڵدا دەکرێت) ئەوە با هوتوچۆو (طواف) بکا لە نێوانیاندا، ئەوەش خۆبەخشی دەکاو، (طواف)ی زیاتر دەکا بابزانێت کلە خوا سوپاسگوزارو زانایە.

إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلعَنُهُمُ اللّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ (159)

بەڕاستی (تاوانی ئەوانە گەورەیە) کە بەرنامەو ڕێنمونیەکانی ئاشکرای ڕەوانەکراوی ئێمە دەشارنەوە کە ناردومانە، دوای ئەوەی بۆ خەڵکیمان ڕوون کردۆتەوە لە کتێبەکاندا، ئا ئەوانە خوا نەفرینیان لێ دەکات و نەفرینکەرانیش نەفرینیان لێ دەکەن.

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (160)

جگە لەوانەی کە تەوبە دەکەن و کاری چاك ئەنجام دەدەن و حەقیقەت و ڕاستی ڕوون دەکەنەوە، ئالەوانەش خۆش دەبم و لێیان دەبورم، وە من تەوبە وەرگرو میهرەبانم.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللّهِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ (161)

بەڕاستی ئەوانەی کە کافرن و بە کافری دەمرن ئەوانە نەفرینی خواو فریشتەکان و هەموو خەڵکیان لەسەرە.

خَالِدِينَ فِيهَا لاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ (162)

(ئەوانە) لە دۆزەخدا بۆ هەمیشە دەمێننەوەو سزایان لەسەر سوك ناکرێت و مۆڵەتیش نادرێن.

وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ (163)

خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، وە جگە لەو زاتە خوایەکی تر نیە، وە ئەو خوایە بەخشندەو میهرەبان و بەبەزەیی یە.

إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاء فَأَحْيَا بِهِ

الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (164)

بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شەوو ڕۆژدا، وە لەو کەشتیانەدا کە دەگەڕێن بە دەریاداو سود دەگەیەنن بە خەڵکی، وە ئەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و بەهۆیەوە زەوی زیندوو دەکاتەوە دوای وشك بوون و مردنی، هەروەها لە بڵاوکردنەوەی جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەرو مارو مێروو لەسەر ڕووکاری زەوی دا، وە هاتوچۆپێکردنی باو شەماڵ و ڕاگیرکردنی هەورەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا، لەهەر هەموو ئەوانەدا بەڵگەو نیشانەی بەهێز هەیە بۆ ئەوانەی کە عەقڵ و بیرو هۆشیان دەخەنە کارو بیر لەو دەسەڵاتە بێ سنورە دەکەنەوە.

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ (165)

(لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە ئاشکرایانەدا) هەندێ کەس هەیە لەجیاتی ئەوەی کە خواپەرست بێ، شتی تر دادەتاشێ بۆ خۆی و (شوێن ڕینمەنیەکانی خوا ناکەوێ و) خۆشەویستی و سۆزی دەدا بەو بت و بەرنامۆلکەو تولە ڕێگایانە و خۆشی دەوێت، بەڵام ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە خوایان زۆر زیاتر خۆش دەوێ (هەر بەراورد ناکرێت) جا ئەوانەی کە ستەمکارن کاتێ کە ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە بەچاوی خۆیان سزاو ئازاری (دۆزەخ دەبینن) بۆیان دەردەکەوێت کە هێزو تواناو دەسەڵات هەر هەمووی بەدەست خوایە، وە ئەو ڕۆژە ئەو خوایە سزاکەی زۆر بە ئازارە (بۆ ستەمکاران).

إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُواْ مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الأَسْبَابُ (166)

ئەکاتە ئیتر ئەانەی کە خەڵکی شوێنیان کەوتبوون خۆیان بەریی دەکەن، وە لە شوێنکەوتەکانیان حاشا دەکەن، بە تایبەت کاتێك کە سزای توندو

تیژ دەبینن، هەموو پەیوەندیەکان دەپچڕێت کە لە نێوانیاندا هەبوو، وە هیچ بەڵگەو بیانویەکیان بەدەستەوە نامێنێت (لەسەر یاخی بونیان).

وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّؤُواْ مِنَّا كَذَلِكَ يُرِيهِمُ اللّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ (167)

ئەوانەی کە شوێن کەوتە بوون دەڵێن: خۆ ئەگەر نۆرەیەکمان بۆ بلوایە ئێمەش ئاوا خۆمان بەریی دەکرد لەوان، هەروەك ئەوان خۆیان بەریی کرد لە ئێمە، ئا بەو شێوەیە خوا سەرئەنجامی کارو کردەوەکانیان نیشان دەداو هەر ئاخ و داخیان بۆ دەمێنێتەوە، وە ئەوانە هەرگیز لە دۆزەخ رزگاریان نابێت.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّباً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (168)

ئەی خەڵکینە لە ڕزق و ڕۆزی زەوی بخۆن بە حەڵاڵی و چاکی (توخنی قەدەغە کراوەکان مەکەون) وە بەشوێن هەنگاوەکانی شەیتاندا مەڕۆن چونکە ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە.

إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاء وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (169)

ئەو (شەیتانە) فەرمانی خراپەو گوناهو تاوانتان پێ دەدات، هەروەها (هانتان دەدات بۆ) ووتنی هەندێك شت یان هەڵبەستنی هەندێك گوفتاری (نادروست و ناڕەوا) بێ ئەوەی بزانن (کە سەرەنجامی ئەو کارەتان چەند مەترسی دارە).

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ (170)

ئەگەر (بە خەڵکی نادان) بوترێ شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون لەلایەن خواوە ڕەوانە کراوە، دەڵێن: نا، بەڵکو شوێنی ئەوە دەکەوین کە باووباپیرانمان پێوەی ئالودە بوون و لەسەری ڕاهاتوون، باشە ئەگەر

باووباپیرانتان ناحاڵی و هیچ تێنەگەیشتوو هیچ نەزانیش بوون (هەر شوێنیان دەکەون؟!).

وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاء وَنِدَاء صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ (171)

نمونەی ئەوانەی کە کافرو بێباوەڕن وەکو ئەو ئاژەڵە وایە کە دەنگی (شوانەکە) دەبیسێ، بەڵام تێناگا، تەنها ئەوەیە کە گوێی لە هات و هاوارێکە، ئەوانە کەڕو لاڵ و کوێرن وە ژیری و هۆشمەندیان لەدەست داوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ (172)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیە چاك و باشانەی کە پێمانبەخشیون، وە سوپاسگوزاری خوا بکەن ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن.

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (173)

(خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو، خوێن، گۆشتی بەراز، ئەو ماڵاتانەی بۆ غەیری خوا سەردەبڕرێن حەرامی کردووە لێتان، بەڵام ئەگەر کەسێ ناچاربوو بەبێ زیادەخۆری و لە سنور دەرچوون، ئەوە گوناهی ناگات، چونکە خوا لێخۆش بوو بە بەزەیی و دلۆڤانە.

إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلاَّ النَّارَ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (174)

بێگومان ئەوانەی کە ئایەتەکانی خوا دەشارنەوە کە لە کتێبەکانیدا ڕەوانەی کردووە (مەبەست تەورات و ئینجیل و قورئانە) وە بە نرخێکی کەم و هەرزان دەیفرۆشن (ئەگەر هەموو دنیاشیان دەستکەوێ

له بەرانبەریەوە هەر کەمە)، ئەوانە تەنها ئاگریان دەرخوارد دەدرێت و سکیانی لێ پڕ دەکەن، (وە لە ڕۆژی قیامەت دا) خوای گەورە نایان دوێنێ و (دڵ و دەرونیان) خاوێن ناکات و سزای بەئێشیان بۆ هەیە.

أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ فَمَآ أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ (175)

ئەوانە کەسانێکن کە گومڕاییان کڕیوە لەباتی هیدایەت، وە سزایان کڕێوە لەباتی چاوپۆشی، ئای چەندە خۆگرن لەناو ئاگردا!!

ذَلِكَ بِأَنَّ اللّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ (176)

(ئەو هەڕەشەیە بۆ ئەوەیە) چونکە خوا کتێبە پیرۆزەکانی بۆ ڕونکردنەوەی حەقیقەت و ڕاستی رەوانە کردووە، وە ئەوانەی کە کێشەیان هەیە لەسەری و ڕایان جیاوازە لە بەرانبەر کتێبە ئاسمانیەکانەوە، ئەوانە لە کێشمە کێشێکی ناجۆرو دوور لە ڕاستیدا دەخولێنەوە.

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (177)

چاکەو چاکەکاری و خواناسی بریتی نیە لە ڕووکردنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (چونکە جولەکە زۆر لەسر گۆڕانی قیبلە دوان و پڕوپاگەندەی زۆریان کرد)، بەڵکو چاکە بریتیە لەو کەسەی کە باوەڕی هێناوە بەخواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بە کتێبەکان و بە پێغەمبەران، هەروەها ماڵ و سامانی دەبەخشێ، هەرچەندە خۆشەویستە، بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و ئەوانەی کە داوای دەکەن بەناچاری، وە بۆ ئازاد کردنی گەردنەکان لە بەندەیی، هەروەها

نوێژەکان بە چاکی ئەنجام دەدات، وە زەکات لە ماڵ و سامانی دەردەکات، وە هەر پەیامێك ببەستێ وەفای پێ دەکات و دەیباتە سەر، وە ئەوانەش دەگرێتەوە کە خۆگرن و لەکاتی نەداری و هەژاری و نەخۆشی و ناخۆشی و کاتی جەنگ و شەڕو شۆڕدا، ئا ئەو جۆرە کەسانە ڕاست دەکەن و هەر ئەوانەن پارێزکارو خواناس و دیندارەکان.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاء إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ (178)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، لەسەرتان نوسراوە کراوە بە ئەرکی سەرشانتان تۆڵەسەندنەوە بۆ کوژراوەکان، کەسێکی سەربەست بە کەسێکی سەربەست، وە بەندەش لەجیاتی بەندە، وە ئافرەت لە جیاتی ئافرەت (واتە هەر کەسێك بە توانی کوشتن هەستا دەبێ بکوژرێتەوە)، بەڵام ئەوەی چاوپۆشی لە براکەی کرد، با بکوژەکە چاك ڕەفتار بێ، وە با کەس و کاری چاك کوژراوەکەش چاك ڕەفتار بن، وە بکوژەکە بەجوانی خوێنبەهای کوژراوەکە بدات، وە ئەم ئاسانکردنە لە لایەن پەروەردگارتانەوە (کە لە جیاتی کوشتنەوە خوێنبەهای وەرگیرێت) ڕەحمەت و میهرەبانیە، ئەوسا ئیتر ئەوەی لەوەو دوا دەست درێژی بکاو لە سنور بترازێت سزای بە ئێشی بۆ ئامادە کراوە.

وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (179)

ئەی هۆشمەندەکان لە تۆڵەسەندنەوەدا (لەو کەسانەی کە خەڵکی نە ناحەق دەکوژن) ژیان هەیە (بۆ کۆمەڵ بەگشتی، وە ترساندنی ئەو کەسانەیە کە نیازیان خراپە)، بەڵکو تەقواو لەخوا پرسان بێتە پیشەتان و خۆ لە دەست درێژی و تاوان بە دوور بگرن.

كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ (180)

پێویست و ئەو ئەرکە لەسەرتان ئەگەر هەرکامتان مەرگی نزیك بوو، وە سامان و ماڵ و داراییەکی هەبوو، با وەسیەت بکات کە هەندێکی بدرێ بە دایك و باوکی و خزمانی بەشێوەیەکی جوان و لەبار، وە ئەمە پێویستە لەسەو خواناس و پارێزکاران.

فَمَن بَدَّلَهُ بَعْدَ مَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (181)

جا ئەوەی ئەو وەسێتە دەگۆڕێ دوای ئەوەی چاك گوێی لێ بوو، گوناهی تەنها لەسەر ئەوانەیە کە دەیگۆڕن، وە خوا بیسەرو زانایە.

فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (182)

هەروەها ئەو کەسەی کە دەترسا لە وەسێتکارەکە کە هەڵە یا گوناهێ یا ماف خۆریەکی ئەنجام دابێ (وە گیرو گرفت بۆ وەرەسە دروست بکات) با ڕیکیان بخات، بێگومان گوناهی ناگات (بەڵکو بە خێرخواز لەقەڵەم دەدرێ)، بەڕاستی خوا لیخۆشبوو میهرەبانە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (183)

ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، ڕۆژووتان لەسەر بڕیار دراوە هەروەکو لەسەر ئوممەتە پێشوەکان بڕیار دراوە بەڵکو خواناس و پارێزکار بن.

أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (184)

چەند ڕۆژێکی دیاری کراوە (کە مانگی ڕەمەزانە) خۆ ئەگەر کەسێ لە ئێوە نەخۆش بوو یا لەسەفەردا بوو با لەڕۆژگارێکی تردا بەڕۆژوو بێتەوە، وە ئەوانەش کە ناتوانن بەڕۆژوو بن (وەکو پیرەمێردو نەخۆشە

بەردەوامەکان) ئەوە با ژەمێك خواردن ببەخشن بەهەژارێك، ئەوەی زیاتر ببەخشێ ئەوە باشترە بۆی، بێگومان ئەگەر بەڕۆژوو بن چاکترەو پاداشتی زۆرترە ئەگەر بزانن و (بتوانن).

شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (185)

مانگی ڕەمەزان (ئەو مانگەیە) کە قورئانی تیا هاتۆتە خوارەوە، ڕێنمویی بەخشە بەخەڵکی و بەڵگەی زۆری تیادایە، دەبێتە ڕێنمویی بۆ جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست و حەق و ناحەق، جا ئەو کەسەی کە مانگی ڕەمەزانی بەسەردا دێت با بەڕۆژوو بێت ئەوەش کە نەخۆش دەکەوێت یان لەسەفەرە با لەڕۆژگارێکی تردا بیگرێتەوە، بێگومان خوا ئاسانیی بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان) لەسەر قورس و گران بکات تاوەکو ئەو ماوە دیاری کراوە تەواو بکەن و بەگەورەی خوا (پەی ببەن کە هیدایەتی داون) بەڵکو سوپاسگوزاریش بن.

(سرودی جەژن: الله اکبر، الله اکبر، الله اکبر، لا اله الا الله والله اکبر ولله الحمد، بەجێهێنانی ئەم فەرمانە خوایی یەیە).

وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ (186)

ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێ بکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دۆعا گۆیانەوە دەچم هەرکاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبێت هەر بە دەم بانگەوازی منەوە بێن، وە باوەڕی دامەزراویان هەر بە من هەبێت، بەڵکو ڕێگای ئاگایی و هوشیاری بگرنە بەر.

أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَآئِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (187)

له شه‌وگاری ڕه‌مه‌زاندا تێکه‌ڵبوونتان له‌گه‌ڵ هاوسه‌رانتاندا حه‌ڵاڵه‌، ئه‌وان پۆشاکن بۆ ئێوه‌و ئێوه‌ش پۆشاکن بۆ ئه‌وان، جا خوا ده‌یزانی که‌ ئێوه‌ خۆتان ده‌خڵه‌تاند (له‌ نزیك بونه‌وه‌تان له‌ هاوسه‌ره‌کانتانه‌وه‌، چونکه‌ دوو دڵ بوون و نه‌تانده‌زانی حه‌ڵاڵه‌ یان نا)، به‌ڵام خوای میهره‌بان تۆبه‌تان لێ وه‌رده‌گرێت و لێتان خۆش ده‌بێت، هه‌ر له‌ ئێسته‌ به‌ دواوه‌ (له‌ شه‌وگاردا) نزیکیان بکه‌ن وه‌ به‌ ئاواتی ئه‌وه‌وه‌ بن که‌ خوا بۆی بڕیار داون (له‌ نه‌وه‌ی چاك و خواناس)، وه‌ بخۆن و بخۆنه‌وه‌ هه‌تا به‌ ڕوونی به‌ره‌به‌یان و سپێده‌ له‌ ڕۆژهه‌ڵاته‌وه‌ دیاری ده‌دات و تاریکی شه‌و لاده‌بات، له‌وه‌و دوا ڕۆژووه‌که‌تان ببه‌نه‌ سه‌ر تا شه‌و دادێت و (خۆرئاوا ده‌بێت)، وه‌ نزیکی له‌گه‌ڵ هاوسه‌ره‌کانتانا مه‌که‌ن له‌کاتێکدا که‌ ئێوه‌ بڕیاری مانه‌وه‌تان (بۆ خواپه‌رستی) له‌ مزگه‌وته‌کاندا داوه‌، جا ئه‌و شتانه‌ی که‌ باس کران سنوری خوان و لێی مه‌ترازێن و نزیکی مه‌که‌ون، ئا به‌و شێوه‌یه‌ خوا ئایه‌ت و ڕێنموونییه‌کانی خۆی ڕوونده‌کاته‌وه‌ بۆ خه‌ڵکی به‌ڵکو پارێزکاربن.

وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ (188)

نه‌که‌ن ماڵ و دارایی یه‌کتر له‌ نێوانتانا به‌ ناحه‌ق بخۆن (وه‌ك به‌رتیل و سوو، یا داگیرکردن و فروفێڵ...) ئه‌وسا هه‌ندێکی بده‌ن به‌ کاربه‌ده‌ستان تا هه‌ندێك ماڵی خه‌ڵك داگیر بکه‌ن له‌ ڕێگه‌ی ناحه‌ق و گوناهه‌وه‌، خۆشتان ده‌زانن که‌ کاری وا ناڕه‌وا نیه‌.

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوْاْ الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (189)

پرسيارت لێ دەكەن دەربارەی نوێ بوونەوەی مانگەكان، پێيان بڵێ ئەوە بۆ دياری كردنی كاتەكانە بۆ خەڵك و بۆ زانينی كاتی حەج (خوای گەورە ڕێی خستووە)، چاكەو چاكەكاريش ئەوە نيە لە پشتەوە خۆتان بكەن بە ماڵاندا (كە ئەمە كارێك بوو لەسەردەمی نەفاميدا ئەنجام دەدرا دوای گەڕانەوە لە حەج) بەڵكو چاكە ئەوەيە كە ئەو كەسە لە خوا ترس و پارێزكار بێت، لە دەرگای ماڵەكانتانەوە بچنە ژوورەوە، لە خوا بترسن بەڵكو سەرفەراز بن.

وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ (190)

بجەنگن لە پێناوی خوادا دژی ئەوانەی كە دژتان دەجەنگن، نەكەن دەستدرێژی بكەن (دژی ژن و مناڵ و ماڵات و ڕووەك...هتد) چونكە بەڕاستی خوا دەستدرێژكەرانی خۆش ناوێت.

وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ (191)

(دەست درێژكاران) بكوژن لە هەركوێدا دەستتان بەسەرياندا ڕۆشت، وە دەريان بكەن لەو شوێنەی كە دەريان كردن لێی (كە شاری مككە بوو)، بێگومان زۆركردن لە ئيماندار تا پاشگەز ببێتەوە لە ئايينەكەی لە كوشتن خراپترە، ياخود ئاشوب گێڕان و قسە هێنان و بردن (كە جاری وا هەيە دەبێتە هۆی كوشتنی چەندەها كەس) لە كوشتن خراپترە، مەجەنگن دژی كافران لە سنوری مزگەوتی حەرام و (كەعبە)دا هەتا ئەوان شەڕتان پێ نەفرۆشن و نەجەنگن دژتان، خۆ ئەگەر شەڕيان پێ فرۆشتن و جەنگان دژتان ئێوەش بجەنگن دژيان، چونكە هەر ئەوەيە پاداشتی بێباوەڕان.

فَإِنِ انتَهَوْاْ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (192)

خۆ ئەگەر ئەوانە کۆڵیان داو شەڕیان وەستان، ئەوە خوا لێخۆش بوو میهرەبانە (بەڵکو باوەڕ بێنن).

وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ (193)

(خۆ ئەگەر کافران کۆڵیان نەداو هەر جەنگان و پیلانیان گێڕا) ئێوەش بجەنگن دژیان تاوەکو نەبنە هۆی فیتنەو ئاشوب وناخۆشی (بۆ خەڵکی بەگشتی و ئیمانداران بەتایبەتی) هەروەها تا دین و ئاین و بەرنامەو فەرمانڕەوایی بۆ خوای گەورە بێت، خۆ ئەگەر کۆڵیان داو وازیان هێنا، دژایەتی تەنها ئەو کەسانە دەکرێت کە زاڵم و ستەمکارن.

الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ (194)

مانگی حەرام بە مانگی حەرامە (واتە: ئەگەر لەو مانگانەدا جەنگان دژتان لە جەنگ تیایدا حەرامە ئێوە حەقی بەرگریتان هەیە) وە دەست درێژی بۆ هەر شتێکی حورمەتدار دەبێت تۆڵەی بسێنرێت بەبێ زیادەڕەوی، ئەوەی کە دەست درێژی دەکاتە سەرتان، ئێوە مافتان هەیە بەقەدەر دەستدرێژیەکەی ئەو، تۆڵەی خۆتان بکەنەوە. وە لە خوا بترسن و چاك بزانن کە بەڕاستی خوا یارو یاوەری پارێزکارانە.

وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (195)

لەڕێی خواداو بۆ ڕەزامەندی ئەو ماڵ و سامانتان ببەخشن، بەدەستی خۆتان خۆتان لەناو مەبن (چونکە ڕەزیلی و دەستنوقاوی تیاچونە)، وە خێرو چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن، وە (ماڵ و سامانتان ببەخشن) چونکە خوا چاکەکارانی خۆش دەوێت.

وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (196)

حەج و عەمرە بەچاکی و تەواوی ئەنجام بدەن و ئامانجتان تەنها ڕەزامەنسی خوا بێت، ئەگەر هەندێک لە ئەرکەکانیتان بۆ ئەنجام نەدرا (بە هۆی نەخۆشی یا هەر هۆیەکی تر) دەتوانن ماڵاتێك بکەن بە قوربانی بەگوێرەی توانا، وە سەرتان مەتاشن و (ئیحرام مەشکێنن) تا قوربانیەکە ئەنجام نەدرێت و بەجێی خۆی نەگات، وە هەرکەسێکتان کە نەخۆش بوو یا برین و ئازارێك لە سەریدا هەبوو (وە پێویست بوو مووی سەری یان هەندێکی لاببات) با فیدیە بدات (کە بریتیە لەوەی) بەڕۆژوو بێت، یا چەند هەژارێك تێر بکات، یا کاوڕێك سەربڕێت، هەرکاتێك کە لە ئاسودەیی و ئاسایدا بوون، ئەوەی کە دەیەوێت نێوان حەج و عەمرە (ئیحرام بشکێنێت و پۆشاکی ئاسایی لەبەر بکات) دەبێت بە گوێرەی توانای قوربانیەك بکات، ئەوەش کە توانای نیە با سێ ڕۆژ لە حەج بەڕۆژوو بێت، حەوت ڕۆژیش کە گەڕایەوە (ناو ماڵ و منداڵی خۆی) ئەوە دەکاتە دە ڕۆژی تەواو، وە ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە خەڵکی مەککەو دەوروبەری نین، جا لە خوا بترسن و پارێزکار بن وە بزانن کە بەڕاستی خوا سزاو تۆڵەی زۆر سەختە (لەوانەی کە سەرپێچی دەکەن).

الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ (197)

حەج لە چەند مانگێکی دیاری کراودا (خۆی بۆ ئامادە دەکرێت و نیەتی لێ دەهێنرێت) ئەوەی کە لەو مانگانەدا دەست بەکار بوو، وە بڕیاری دا کە حەج بکا ئەوە دەبێت نزیکی هاوسەری نەکەوێت و شەڕە چەپۆك و

گوناهو موجادەلەو گوفتاری نادروست ئەنجام نەدات، بێگومان هەر خێرو چاکەیەك ئەنجام بدەن خوا پێی دەزانێت و ئاگادارە لێی، بەردەوام هەوڵ بدەن کە زەخیرەو توێشو بخەن، وە چاکترین زەخیرەش تەقواو پارێزکاریە، وە لەمن بترسن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان.

لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُواْ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّآلِّينَ (198)

گوناهبار نابن ئەگەر لەکاتی حەجدا لەفەزڵی پەروەردگارتان، خۆتان بەهرەوەر بکەن (وەك بازرگانی و شت کڕین). هەرکاتێ لە عەرەفات گەڕانەوە یادی خوا بکەن لەلای (معشر الحرام، مزدلفة)دا (کە شوێنێکە لە نێوان عرفات و مونادا)، وە یادی خوا بکەن هەروەکو یادی کردوون و هیدایەتی داون، وە (بیرتان نەچێت کە) ئێوە سەرگەردان و گومڕا بوون.

ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ وَاسْتَغْفِرُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (199)

لەوەودوا (روو بە قورەیش و سەرکردەو دەولەمەندان دەفەرموێت): خەڵکی لە کوێوە گەڕانەوە ئێوەش لەوێوە بگەڕێنەوە و (جیا مەکەنەوە)، وە داوای لێخۆش بوون لە خوا بکەن، چونکە بەڕاستی پەروەردگارتان لێخۆشبوو و میهرەبانە.

فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ (200)

کاتێ کە ئەرك و مەناسیکەکانتان بەجێ هێنا یادی خوا بکەن هەروەکو چۆن یادی باوو باپیرانتان دەکەن (کاتی خۆی عەرەب زۆر خۆیان هەڵکێشاوە بە باوو باپیریانەوە و باسیان کردون) یاخود زۆر زیاتریش، هەندێک لە خەڵکی هەن کە دەڵێن: پەروەردگارا هەرچیمان پێ

دەبەخشیّ لە دنیادا پێمان ببەخشە، بێگومان ئەوانە لە قیامەتدا بێ بەهرەو بەشن.

وِمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (201)

هەشیانە کە دەڵێن: پەروەردگارا لە دنیادا خێرو چاکەو نازو نیعمەتمان پێ ببەخشە، هەروەها لە قیامەتیشدا لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بەهرەمەندمان بکە وە لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.

أُولَئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ (202)

ئا ئەوانە لە کارو کردەوەکانیان بەهرەوەر دەبن لە دنیاو قیامەتدا، وە خوا زۆر بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات و (هەرکەسە بەو شوێنە دەگەیەنێت کە لە دنیادا دەستپێشکەری بۆ کردووە).

وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَى وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (203)

لە ڕۆژانێکی دیاری کراودا (کە ڕۆژانی جەژنی قوربانە) لەسەر یادی خوا بەردەوام بن ئەوەی لە دوو ڕۆژیشدا کارو ئەرکەکانی حەج بەجێ بێنێت گوناهی ناگات، ئەوەش کە دوا بکەوێت و (بە سێ ڕۆژ ئەنجامی بدات) هەر گوناهی ناگات، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە خۆیان لە نافەرمانی خوا دەپارێزن، جا لەخوا بترسن و بزانن کە سەرەنجام ئێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، (وە لەبەردەم دادگای ئەودا) کۆدەکرێنەوە.

وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ (204)

لەم ژیانی دنیایەدا کەسانێك هەن تۆ لە قسەو گوفتارو دەم پاراوییان سەرسامیت، لە کاتێکدا خوا ئاگادارە لە نیەت خراپییان، وە ئەوانە سەرسەخت ترین دوژمنن.

وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ (205)

هەرکاتێ (ئەو جۆرە کەسایەتیە) دەسەڵاتی پەیدا کرد هەوڵ و کۆشش دەدا لە زەوی دا ئاشوب بەرپا بکاو خراپە ئەنجام بداو کشتوکاڵ و خەڵکی لەناو ببات، بێگومان خوا حەز لە فەسادو خراپەو تاوان ناکات.

وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ (206)

خۆ ئەگەر پێی بوترێت: لە خوا بترسە، (هەروا بۆت نالوێ)، غەرِا دەبێت و سور دەبێت لەسەر گوناە و تاوان، ئەو خوا نەناسە دۆزەخی بەسە کە تیایدا تەمێ ببێ، کە ناخۆشترین و سامناکترین شوێن و جێگەیە.

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَاللّهُ رَؤُوفٌ بِالْعِبَادِ (207)

هەیشە لە خەڵکان خۆیان دەفرۆشن بە خوا، ئامانجیان بەدەست هێنانی رەزامەندی ئەو زاتەیە، وە خوا بەسۆزو میهرەبانە بەرانبەر بەو جۆرە بەندانەی.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (208)

ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئاشتی و ئاسودەیی یەوەو (شەڕخواز مەبن) وە شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە (وە هەمیشە دەیەوێت شەڕو جەنگ لەنێوان خەڵکی دا بەرپا بکات).

فَإِن زَلَلْتُمْ مِّن بَعْدِ مَا جَاءتْكُمُ الْبَيِّنَاتُ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (209)

خۆ ئەگەر توشی هەڵەو شەڕ بوون دوای ئەوەی کە هەموو شتێکتان بۆ ڕوونکرایەوە، ئەوە ئیتر چاك بزانن کە خوا بەدەسەڵاتە (تۆڵەتان لێ بسێنێت) وە دانایە (پەلە ناکات بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕاستە شەقام).

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن يَأْتِيَهُمُ اللّهُ فِي ظُلَلٍ مِّنَ الْغَمَامِ وَالْمَلآئِكَةُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأمُورُ (210)

(ئایا ئەوانەی کە ڕێبازی ئاشتیان ناوێت چاوەڕێی چی دەکەن؟) ئایا چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە خوای گەورەو فریشتەکانی ڕوو بە زەوی بێن لەناو پەڵە هەوری سپی دا، (ئەوکاتە ئیتر ئەوەی خوا بیەوێت) هەر ئەوە پێش دێت، ئەوسا هەموو کارو فەرمانێك دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار.

سَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَمْ آتَيْنَاهُم مِّنْ آيَةٍ بَيِّنَةٍ وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللّهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُ فَإِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (211)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) لە نەوەی ئیسرائیل بپرسە: چەندە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرامان پێ بەخشیون؟! جا ئەوەی نیعمەتی خوا بگۆڕێت، (لە یەکخواناسی لابدات) دوای ئەوەی کە پێی گەیشتووە بەڕاستی خوا تۆڵەی زۆر بە ئازارە (لەو جۆرە کەسانە).

زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ اتَّقَواْ فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَاللّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ (212)

ژیانی دنیا ڕازێنراوەتەوە بۆ بێباوەڕان (بەڵام لەباتی سوپاسگوزاری) گاڵتە دەکەن بە باوەڕداران (لەبەر هەژاری و نەداری و کەم دەسەڵاتی)، بێگومان ئەوانەی کە خاوەنی تەقوا بوون و لە خوا ترس بوون لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەروویانەوەن (لە بەهەشتی بەرزو بەریندا) وە خوا (لە دنیادا) ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێ بە هەموو کەس بێ ئەوەی حساب بکا (بۆ بیروباوەڕ).

كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (213)

(له سه‌ره‌تای په‌یدابوونی خه‌ڵكی دا، دوای تۆفانه‌كه‌ی نوح) خه‌ڵكی، یه‌ك ئوممه‌ت بوون و خاوه‌نی بیروباوه‌ڕی یه‌كتاناسین بوون، (به‌ڵام به‌ره به‌ره لایان دا) خوایش وێڵی نه‌كردن و پێغه‌مبه‌رانی ڕه‌وانه ، تا مژده ده‌ر و ترسێنه‌ر بن بۆیان، وه كتێبی پیایاندا ناردووه، بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی حه‌ق و ڕاستی، تا له نێوان خه‌ڵكی دا فه‌رمانڕه‌وایی دادوه‌رانه ئه‌نجام بده‌ن له‌سه‌ر ئه‌و شتانه‌ی كه بۆته كێشه‌یان و ڕاو بۆچونیان له‌سه‌ری جیاوازه، كه‌سیش جیاوازی و كێشه‌ی له‌سه‌ر به‌رپا نه‌كردووه جگه له‌وانه‌ی كه ئه‌و كتێبانه‌یان پێ به‌خشراوه (كه گاورو جوله‌كه‌ن) دوای ئه‌وه‌ی كه به‌ڵگه‌و نیشانه‌ی ڕوون و ئاشكرایان نیشان درا، (به‌ڵام) به‌هۆی حه‌سادەت و سته‌م كردنیانه‌وه (هه‌ر په‌یڕه‌وی حه‌ق و ڕاستیان نه‌كرد)، ئینجا خوا هیدایه‌ت و ڕێنمویی ئیماندارانی كرد بۆ دۆزینه‌وه‌ی حه‌ق و په‌یڕه‌وی كردنی له نێوان ئه‌و مه‌سه‌لانه‌ی كه ئه‌وان كێشه‌یان له سه‌ری هه‌بوو. وه خوا ڕێنمویی هه‌ر كه‌سێك ده‌كا كه بیه‌وێ و (شایسته بێت) بۆ ڕێگه و ڕێبازی ڕاست و دروست.

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء وَزُلْزِلُواْ حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللّهِ أَلا إِنَّ نَصْرَ اللّهِ قَرِيبٌ (214)

ئایا وا ده‌زانن هه‌روا به ئاسانی ده‌چنه به‌هه‌شته‌وه (بێ ته‌نگانه‌و ناخۆشی) مه‌گه‌ر نمونه‌ی ئیماندارانی پێشوتان بۆ باس نه‌كراوه كه توشی شه‌ڕو ناخۆشی و ته‌نگانه و گرانی و نه‌داری بوون و ته‌كانیان خواردووه و زۆریان بۆ هاتووه به ڕاده‌یه‌ك كه هه‌تا پێغه‌مبه‌ره‌كه‌و ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان هێناوه له ته‌كیا وتویانه: كه‌ی په‌روه‌ردگار سه‌ركه‌وتن

دەبەخشێت؟! کەی خوا سەرمان دەخات؟! ئاگادار بن و دڵنیا بن کە ئا ئەو کاتە ئیتر سەرکەوتنی خوا نزیکە.

يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ (215)

لە تۆ دەپرسن (ئەی پێغەمبەر) کەچی ببەخشن و بەکێ ی ببەخشن، پێیان بڵێ: هەر خێرێك دەکەن سەرەتا دایك و باوکتان فەرامۆش مەکەن هەروەها خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانی نەداریش. هەر خێرو چاکەیەکیش ئەنجام دەدەن، دڵنیا بن کە خوا زاناو ئاگادارە لێی.

كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (216)

جەنگ لەسەرتان بڕیار دراوە کە شتێکی ناخۆشە بۆتان، بەڵام لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لەچی دایە)، ئێوە نایزانن.

(جەنگ لە ئیسلام دا بۆ بەرهەڵستی کردنی دوژمنانی داگیرکەرو دوژمنانی دینە، وە بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەیە کە نایەڵن خەڵك ئازادانە بژین و ئازادانە ئەو ڕێبازە هەڵبژێرن کە خۆیان قەناعەتیان پێ یەتی، هەرگیز بۆ ئەوە نیە کە بە زۆر خەڵك موسوڵمان ببێت، وە مێژووی ئیسلام شایەتی حاڵە، وە ئەگەر کارێکی وا ڕووی دابێت ئەوە ئاینی ئیسلام لێی بەرییە).

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (217)

پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا (کە بریتین لە ذوالقعدة و دوالحجة و محرم و رجب) بڵێ: جەنگ لەو جۆرە مانگانەدا کارەساتێکی گەورەو هەڵەیەکی گەورەیە، بەرهەڵستی ڕێبازی خواو بێ باوەڕیە پێ ی و (تاوانێکی گەورەیە) وە (جەنگ) لە مزگەوتی حەرام داو، دەبەردەرکردنی خەڵکەکەی زۆر گەورەترە لای خوا (لە کوشتنی کەسێك یا چەند کەسێك) وە زۆر هێنان بۆ ئیمانداران تا پاشگەز بکرێنەوە تاوانێکە لە کوشتن گەورەترە، (بێگومان بێ باوەڕان) بەردەوام دژتان دەجەنگن هەتا واتان لێ بکەن کە لە دین و ئاینتان پاشگەز ببنەوە، ئەگەر بۆیان بکرێت، جا ئەوەی لە ئاینەکەی پەشیمان ببێتەوە بە کافری بمرێت، ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان پووچ دەبێت لە دنیاو لە قیامەتدا، وە ئەوانە جێ نشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیای دا دەبەنە سەر.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أُوْلَـئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللّهِ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (218)

بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی کە کۆچ و جیهادو تێکۆشانیان کردووە لە پێناوی خوادا، ئا ئەوانە بە هیوای ڕەحمەت و میهرەبانی خواوەندن، بێگومان خوایش لێخۆش بوو دلۆڤانە.

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (219)

پرسیارت لێ دەکەن دەربارە عەرەق و قومار، پێ یان بڵێ: ئەو دوو شتە تاوان و گوناهێکی گەورەن، هەرچەندە نەختێك سودیشیان تیایە بۆ (هەندێك) کەس، بێگومان گوناهو تاوانیان زیاترە لە سودیان، وە پرسیارت لێ دەکەن کە چی ببەخشن، پێ یان بڵێ: هەرچیتان لێ زیادە دەتوانن بیبەخشن، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە بەڵگەکانتان بۆ ڕوون و

ئاشكرا دەكات بەڵكو ئێوە بیر بكەنەوەو (واز لەو شتانە بێنن كە زیانیان زۆرترە لە سوودیان).

فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلاَحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاء اللّهُ لأعْنَتَكُمْ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (220)

تا لە دنیاو قیامەتدا (سەرفراز بن)، هەروەها پرسیارت لێ دەكەن دەربارەی هەتیوان (كە چۆن بن بۆیان) پێ یان بڵێ: چاكەو چاكەكاریان لەگەل دا بكەن چاكترو پەسەند ترە، خۆ ئەگەر تێكەڵیان ببن و بیانهێننە ماڵتان ئەوە براتان و (دەبێت بە چاكی چاودێریان بكەن) وە خوا كەسانی خراپتان و كەسانی چاكەكارتان (زۆر چاك) دەناسێت، ئەگەر خوا بیویستایە (مەرجی سەختی دادەنا دەربارەی چاودێری هەتیوان)، بەڵام بەڕاستی خوا باڵا دەست و دانایە.

وَلاَ تَنكِحُواْ الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلاَ تُنكِحُواْ الْمُشِرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللّهُ يَدْعُوَ إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (221)

ئافرەتانی موشریكو خوانەناس مارە مەكەن هەتا ئیمان و باوەڕی دامەزراویان دەبێت، وە كەنیزەكێكی ئیماندار چاكترە لە ئافرەتێكی موشریك و خوانەناس، هەرچەندە (لە جوانیەكەی، یا سامانەكەی، یا پلە پایەكەی) سەرسام بن، وە ژن مەدەن بە پیاوانی موشریك و خوانەناس هەتا ئیمان و باوەڕی دامەزراویان نەبێت، وە بەندەیەكی ئیماندار چاكترە لە موشریك و خوانەناسێك، هەرچەندە سەرسام بن (لە قەدو قیافەو پلەو پایەو سامانی)، بێگومان ئەو خوانەناسانە بانگەوازی مەردوم دەكەن بۆناو دۆزەخ، (بەڵام) خوا بانگەواز دەكات بۆ ناو بەهەشت و لێخۆش بوون بەفەرمانی خۆی، وە ئایەتەكانی (قورئانەكەی) بەڕوونی دەخاتە بەرچاو بۆ خەڵكی، بەڵكو یاداوەری وەرگرن و تێبگەن.

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ (222)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) پرسیارت لێ دەكەن دەربارەی (عادەتی مانگانەی ئافرەت) پێ یان بڵێ: ئازارو زەرەرە، خۆتان بە دوور بگرن لە هاوسەرانتان لەكاتی ئەو حاڵەتەدا، وە نزیكیان مەكەون تا پاك دەبنەوە، هەركاتێ پاك و خاوێن بونەوەو خۆیان شت بچنە لایان، بەو شێوەیەی كە خوا فەرمانی داوە، بەڕاستی خوا تەوبەكارانی خۆش دەوێت، وە پاكانیشی خۆش دەوێت (ئەوانەی ڕواڵەت و ناوەڕۆكیان پاكە).

نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُم مُّلاَقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (223)

ژنانی هاورسەرتان كێڵگەن بۆتان و شوێنی چاندنن، جا بەهەر شێوەیەك دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو كێڵگەكەتانەوە (بەهیوای بەرهەم) وە بۆ خۆتان دەست پێشكەری بكەن (سەرەتا هاوسەری خواناس و چاك هەڵبژێرن، وە لەوەو دواش دوعاو نزاو خواپەرستی بەردەوام فەرامۆش مەكەن)، وە لەخوا بترسن و خۆتان لە خراپە بپارێزن، وە چاك بزانن و دڵنیا بن كە بەدیداری خوا شاد دەبن، وە ئەم مژدەیەش بدە بە ئیمانداران.

وَلاَ تَجْعَلُواْ اللّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصْلِحُواْ بَيْنَ النَّاسِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (224)

نەكەن سوێند خواردن بە خوا بكەنە كۆسپ لەبەرانبەر چاكەكاری و ئاینداری و ڕێكخستنی خەڵكی دا (واتە كەفارەتی سوێندەكانتان بدەن و لە چاكەو چاكەكاری درێغی مەكەن ئەگەر سوێندتان خواردبوو).

لاَّ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِيَ أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ (225)

بێگومان خوای گەورە ئەو سوێندانەتان لێ وەرناگرێت کە لە دەمتان دەردەچێت و لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو لەسەر ئەوە لێتان دەگرێت و موحاسەبەتان دەکات کە نیەتی دڵتانی لەسەرە، وە خوا لێخۆش بووە (لە گوناهەکانتان)، وە ئارامگرو خۆڕاگرە (زوو تۆڵە لە یاخی و خراپان ناسێنێت).

لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَآؤُوا فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (226)

بۆ ئەوانەی کە سوێند دەخۆن کە نزیکی هاوسەریان نەکەون، دەبێت تا چوار مانگ چاوەڕوانی بکەن (دەبێت لەو ماوەیەدا بڕیاری یەکجاری بدەن و نابێت لەوە زیاتر بخایەنێت)، خۆ ئەگەر ئاشت بونەوەو ڕێك کەوتن، ئەوە خوا لێخۆش بوو میهرەبانە.

وَإِنْ عَزَمُواْ الطَّلاَقَ فَإِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (227)

خۆ ئەگەر بڕیاری تەڵاقیان دا، ئەوە خوا بیسەری (بڕیاریانە) وە زانایە (بە نیەتیان).

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُواْ إِصْلاَحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكُيمٌ (228)

ژنانی تەڵاق دراو، دەبێت تا سێ جار عادەتی مانگانە چاوەڕی بکەن و (شوو نەکەنەوە)، وە حەڵاڵ نیە بۆیان ئەگەر ئەو گۆڕانکاریە بشارنەوە، کەبۆ منداڵانیان پێش دێت (ئایا سکیان هەیە یان نا)، ئەگەر باوەڕیان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە. (لەو ماوەیەدا) هاوسەرانیان لە هەموو کەس لە پێشترن کە بیانگێڕنەوە بۆلای خۆیان و (ژیانی ئاسای دەست پێ بکەنەوە)، ئەگەر دەیانەوێت چاکەو چاکەکاری ئەنجام بدەن، وە (لەسەر پیاوانە) کە بۆ هاوسەرانیان مافی ڕەوایان جێ بەجێ بکەن. هەروەك (لەسەر ئافرەتانە کە بۆ هەوسەرەکانیان ) چاکەکاربن، وە پیاوان بەسەر

ئافرەتانەوە پلەوپایەی (چاودێری و دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانیان) هەیە، وە خوا باڵادەست و دانایە (باڵا دەستە بەسەر هەمواندا، وە دانایە لە دابەش کردنی کارو لێپرسراوی دا).

الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُواْ مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلاَّ أَن يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللّهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (229)

تەڵاق دوو جارە، دوو کەڕەتە، (پیاو بۆی هەیە تەڵاقی هاوسەرەکەی بدات، وە چاکترین شیوازی ئەوەیە کە لە سوننەتی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم ڕوون کراوەتەوە)، لەوەودوا واتە بۆ سێ یەم جار ئیتر ئەگەر دەیەوێ ژیانی هاوسەری بباتە سەر (نابێت تەڵاق بێت بە دەمیا، وە ئەگەر هات) دەبێت بەچاکی و بەڕێك و پێکی دەستبەرداری ببێت، وە بۆتان حەڵاڵ نیە کە هیچ شتێکیان لێ بسێننەوە لە مارەیی و ئەو شتانەی کە پێتان بەخشیون، مەگەر بترسن لەوەی کە ناتوانن سنورەکانی خوا چاودێری بکەن و (ستەم لەیەك بکەن)، خۆ ئەگەر (ئەی قازیەکان، ئەی خێرخوازان) ترسان لەوەی کە (ژن و مێردەکە) سنووری خوا ڕاناگرن و (خۆیان گوناه بار دەکەن) ئەوە ئێوە گوناه بار نابن کاتێك کە دڵنیان ئافرەتەکە دەیەوێت (بە هەندێك سامان، یا دەست هەڵگرتن لە هەندێک مارەیی) خۆی ڕزگار بکات، دڵنیابن ئەو شتانەی کە باسکران سنورەکانی خواوەندن، لێی مەترازێن و دەستدرێژی مەکەنە سەر، ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر سنورەکانی خوا، ئا ئەو جۆرە کەسانە ستەمکارن.

فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (230)

ئەگەر (بۆ جاری سێ یەم، پایو ژنەکەی خۆی) تەڵاق دا، ئەوە ئیتر جارێکی تر بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر دوای ئەوەی کە شویەکی تر بکاو (هاوسەری دووەمی یا بەشیوەیەکی ئاسای تەڵاقی بدات، یا بمرێت،

دوای ئەوە مێردی پێشوی بۆی هەیە مارەی بکاتەوە)، خۆ ئەگەر هاوسەری (دووەم بەشێوەی ئاسایی) تەڵاقی دا هەر بۆیان هەیە بگەڕێنەوە لای یەکتر و (ژیانی ژن و مێردایەتی دەست پێ بکەنەوە)، ئەگەر گومان و ڕایان وابوو دەتوانن سنورەکانی خوا ڕاگرن و (ژیانێکی ئاسودەیی ببەنە سەر)، جا ئەوەی کە باس کرا سنوورەکانی خوای گەورەیە کە ڕونی دەکاتەوە بۆ کەسانێك کە تێبگەن.

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النَّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لَّتَعْتَدُواْ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلاَ تَتَّخِذُوَاْ آيَاتِ اللّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (231)

کاتێ کە ژنانی (هاوسەرتان) تەڵاق دەدەن وە خەریکن دەگەنە ڕۆژانی کۆتایی (عادەی مانگانەیان) ئەوسا یا بیان هێڵنەوە لای خۆتان بە چاکە و ڕێزەوە، یا دەست بەرداریان ببن بەچاکەو ڕێزەوە، مەیان هێڵنەوە لای خۆتان تا ئازاریان بدەن و دەست درێژی بکەنە سەریان، ئەوەی کاری وا بکا ئەوە ستەمی لە خۆی کردووەو (زەرەر دەکات).

نەکەن ئایەت و (ڕێنمویی یەکانی) خوا بەگاڵتە بگرن، یادی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە بکەنەوە لەسەرتان، هەروەها ئەو شتانەی کە لە قورئاندا بۆتان ڕەوانە کراوە، کە پڕە لە دانایی، چونکە چاکترین ئامۆژگاری یە بۆتان، وە چاك بزانن کە بەڕاستی خوا بە هەموو شتێك زانایە.

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْاْ بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (232)

هەرکاتێ ژنانتان تەڵاق داو گەیشتنە کۆتایی (عادەی مانگانەیان) ئێوە (ئەی کەس و کاری ژن) مەبنە کۆسپ لە ڕێگەیاندا ئەگەر ویستیان بگەڕێنەوە لای هاوسەریان، (یاخود ویستیان شویەکی تر بکەن). کاتێ

که ئەوانە لەنێوان خۆیاندا ڕەزامەندیان نواند بەشیوەیەکی جوان، ئەم (فەرمان و ڕێنموی یانە) ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێ دەکرێت لە ئێوە کە باوەڕی بەخوا و ڕۆژی قیامەت هەبێت، (ئەم جۆرە ڕەفتارو کردەوانە) جوانترو پەسەندتر و خاوێن ترە بۆتان، وە خوا چاك دەزانێت (چی خێرە بۆتان) بەڵام ئێوە نایزانن و دەرکی ناکەن.

وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا لاَ تُضَآرَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُواْ أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّآ آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (233)

دایکان با شیر بدەن بە منداڵەکانیان دوو دانە ساڵی تەواو بۆ هەرکەس کە دەیەوێت شیری تەواو بدات، وە بۆ ئەو کەسەی کە خاوەنی منداڵەکەیە (واتە باوکی منداڵەکە) ڕزق و ڕۆزی و پۆشاك بەشێوەیەکی جوان و چاك دەبێ ئامادە بکات بۆ دایکان، هەرکەس بەگوێرەی توانای خۆی داوای لێ دەکرێت، نابێت هیچ دایکێك زیانی پێ بگات و (لە دیتنی منداڵی بێ بەش بکرێ)، هەروەها خاوەنی مناڵەکە (واتە باوکی، نابێت زیانی پێ بگاو، لە دیتنی مناڵەکەی بێ بەش بکرێت)، وە وەرەسەی مناڵەکەش بۆیان هەیە بەهەمان شێوە (گرنگی بە مناڵەکە بدەن، چ خزمانی دایك، چ خزمانی باوك)، خۆ ئەگەر دایك و باوك بەڕەزامەندی و پرس و ڕای هەردوو لایان ویستیان مناڵەکەیان لە شێر ببڕنەوە، ئەوە قەیناکاو گوناهیانناگات، ئەگەر ویستتان دایەن بۆ شیر پێدانی مناڵەکەتان بگرن، ئەوەش قەیناکا بەمەرجێك ماف و کرێیان بەجوانی و شایستە پێ بدەن، لە خوا بترسن و پارێزکار بن، وە چاك بزانن کە خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (234)

ئەو کەسانەتان کە دەمرن و هاوسەرانبەجێ دێڵن، دەبێ ئەو هاوسەرانە چوار مانگ و دە ڕۆژ خۆیان بگرن و (شوو نەکەن)، وە هەرکاتێ گەیشتنە کۆتایی ئەو ماوەیەیان، ئەوە ئیتر قەیناکا (شوو بکەن بەو هاوسەرەی کە پەسەندی دەکەن) چونکە (ئەو ماوەیەی کە خۆیان گرتووە) کارێکی چاکیان ئەنجام داوە، وە خوا ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن.

وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاء أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِن لاَّ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلاَّ أَن تَقُولُواْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا وَلاَ تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىَ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ (235)

گوناهتان ناگات ئەگەر بە (کنایة) خوازبێنی ئەو ئافرەتانە بکەن (کە هێشتا ماوەی دیاری کراویان تەواو نەبووە و دروست نیە شوو بکەن) یاخود لە دڵی خۆتانا بڕیاری خواستنیان بدەن، خوا خۆی دەزانێت کە ئێوە ناویان دەبەن و باسیان دەکەن، بەڵام نەکەن بەنهێنی بەڵێنیان پێ بدەن، یا بەڵێنیان لێ وەرمەگرن، مەگەر بە شێوەیەکی گوفتاری چاك و دروست، نەکەن بڕیاری مارە بڕینیان بدەن هەتا ماوەی دیاری کراوی تەواو دەبێت، وە چاك بزاننکە خوا دەزانێت بەوەی کە لە دڵ و دەروونتانایە، دەبێ لێی بترسن و سڵی لێبکەنەوە، وە چاك بزانن کە خوا لێخۆش بوو خۆڕاگرە.

لاَّ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاء مَا لَمْ تَمَسُّوهُنُّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ (236)

گوناهتان ناگات ئەگەر (نەگونجان) و ژنانتان تەڵاق دا پێش ئەوەی بچنە لایان و مارەیشتان بۆ دیاری کردبوون، ئێوە دیاری و یارمەتیەکیان پێ بدەن، ئەوەی دەوڵەمەندەو زۆری هەیە، وە ئەوەی کە هەژارو کەم دەستە (هەر کەس) بە ڕاددەی توانای خۆی، ئەم دیاری و یارمەتی یانە ئەرکی سەرشانی چاکەکارانە، کە بەشێوەیەکی چاك ئەنجامی بدەن.

وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إَلاَّ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَن تَعْفُواْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلاَ تَنسَوُاْ الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (237)

خۆ ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا پێش ئەوەی بچنە لایان وە مارەییتان بۆ دیاری کردبوون، دەبێت نیوەیان بدەنێ، مەگەر خۆیان نەیانەوێت و چاوپۆشی بکەن، یا ئەو کەسە چاوپۆشی بکات کە نیکاحیانی بەدەستە، وە چاکەو پیاوەتی نێوان یەکتان لەبیر نەچێت، بەڕاستی خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ (238)

لە ئەنجام دانی نوێژەکاندا کەمتەرخەمی مەکەن بەتایبەتی نوێژی ناوەند (کە نوێژی عەسرە) وە هەمیشەو بەردەوام ئامادە بن کە بۆ خوا ملکەچیانە پەرستش ئەنجام بدەن.

فَإنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا فَإِذَا أَمِنتُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ (239)

ئەگەر (بەهۆی جەنگ یا مەترسیەکەوە) ترسان (کە نوێژەکەتان وەکو پێویست ئەنجام نەدەن) دەتوانن بەدەم ڕۆشتنەوە یان بە سوارییی یەنجامی بدەن، وە هەر کاتێ ئەمین بونەوەو هەستتان بە هێمنی کرد، یادی خوا بکەن و (نوێژەکانتان بە چاکیی ئەنجام بدەن) هەروەکو چۆن فێری زۆر شتی کردوون کە پێشتر نەتان دەزانی (هەروا بەدەم فێری ئایندارێتان دەکات).

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِيَ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (240)

ئەو کەسانەتان کە دەمرن و هاوسەرانتانبەجێ دێڵن، دەبێت وەسیەت بکەن بۆ هاوسەرانیان کە دەبێت (ئەگەر ویستیان) تا ساڵێك لە ماڵی مێردیا بمێننەوە (ڕێزیان لێ بگیرێ و) دەرنەکرێن، خۆ ئەگەر بە ویستی

خۆیان دەرچون و هەر کارێکی چاك و شەرعی یان ئەنجام دا (وەکو شووکردنەوە، ڕێ یان لێ مەگرن)، وە دڵنیا بن کە خوا باڵادەستە (ئەگەر ستەمیان لێ بکەن) وە دانایە (لە ڕێنمویی و دانانی سنورەکانی دا).

وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ (241)

بۆ ژنانی تەڵاق دراو دیاری و یارمەتی پێویستە لەلایەن پیاوانی ئاین پەروەرەوە بە حەق و ڕەوا پێشکەشیان بکەن.

كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (242)

ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە (دەربارەی مافی ژنان) بەڵکو عەقڵ و بیرو هۆشتان بخەنە کار (تا ستەمیان لێ نەکەن، چونکە هەموو کەس خاوەنی دایك و خوشك و کچ و هاوسەرو پورو...هتد بووە یان دەبێت).

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ (243)

ئایا بەسەرهاتی ئەوانەی کە لە ماڵ و شوێنیان دەرچوون لە ترسی مردن، نەت بینیوەو (نەت بیستووە، ترسان لە بەرەنگار بوونەوەی دوژمن)، خواش (فەرمانی دا) و فەرمووی: کە بمرن (دوای ئەوەی کە مردن) ئینجا زیندووی کردنەوە (تا بزانن ڕاکردن و خۆشاردنەوە لە جیهادو بەرەنگاربوونەوەی دوژمن مانای ڕزگار بوون لە مردن نیە)، بەڕاستی خوا خاوەنی فەزڵی زۆرە بەسەر خەڵکیەوە (چاوپۆشی لە کەمتەرخەمیان دەکات و مۆڵەتیان دەدات)، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی سوپاس ناپەرێزن.

وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (244)

(ئیتر مەترسن و) لە ڕێگەی خوادا بجەنگن، چاك بزانن و دڵنیابن کە خوا بیسەرو زانایە (بە هەموو گفتوگۆ و هەوڵ و کۆشش و چالاکی یەکتان).

مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (245)

کێ هەیە کە قەرز بدات بە خوا (بە مەرجێك) قەرزێکی چاك بێت (لە ماڵی حەڵاڵ و بێ منەت بێت، وە بەخشراوەکە نازدار بێت)، خواش چەندەها زۆر بۆی بەرانبەر دەکات و (پاداشتی بێ سنوری پێ دەبەخشێت، بەڕاستی خوایەکی بەڕێزو ئازیزمان هەیە، جێگەی سەرسوڕمان و سەرنجە ئەو شێوازەی کە هانی ئیمانداران پێ دەدات، بۆ بەخشین بەیەکترو بۆ بەخشین بۆ ڕزگاریی گرۆی ئادەمیزاد)، وە خوا ڕزق و ڕۆزیی و دەرامەت کەم دەکاتەوە یا دەیبەخشێت (بە حیکمەت و ویستی خۆی) وە گەڕانەوەشتان بۆلای ئە زاتەیە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُواْ لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُواْ قَالُواْ وَمَا لَنَا أَلاَّ نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَآئِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْاْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ (246)

ئایا بەسەرهاتی دەستەیەك لە نەوەی ئیسرائیلت نەبینیوە لەدوای موسا (داستانەکە وە شریتێکی سینەمایی دەخاتە بەرچاو) کە بە پێغەمبەرەکەی خۆیانیان ووت: پاشایەك، سەرکردەیەکمان بۆ دیاری بکە تا بجەنگین لە پێناوی خوادا، (لە ژێر ئاڵای ئەودا)، پێغەمبەرەکە وتی: باشە ئەی ئەگەر جەنگتان لەسەر بڕیار دراو پەشیمان نەبوونەوەو نەجەنگان؟ (لە وەڵامدا) وتیان: چۆن ئێمە ناجەنگین لە پێناوی خوادا بەتایبەت ئەوەتا دەربەدەر کراوین لە ماڵ و منداڵمان بووین، بەڵام کاتێ کە جەنگیان لەسەر بڕیار درا، کەمێکیان نەبێت ئەوانی تر هەموویان پەشیمان بوونەوە، خواش زاناو ئاگایە بە ستەمکاران.

وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَالُوَاْ أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (247)

ئەوجا پێغەمبەرەکەیان (بەوانەی کە ئامادەی جەنگ بوون) گوتی: ئەوە ئیتر بڕیاری داوە کە طالوت پاشاو سەرکردەتان بێت، کەچی (هەندێکیان) گوتیان: چۆن ئەو ببێتە پاشاو سەرکردە بەسەرمانەوە، ئێمە شایستە ترین، ئەو ماڵ و سامانێکی زۆری نیە! (جولەکە هەمیشە ماڵ و سامان دەکەنە پێوەر).

(پێغەمبەرەکە لە وەڵامیان دا) وتی: بەڕاستی خوا لە ناو ئێوەدا (طالوت)ی هەڵبژاردوەو پەسەندی کردووە، وە زانست و زانیاری زۆرو لاشەیەکی بە هێزو گەورەشی داوەتێ، وە خوا پاشایەتی دەبەخشێت بە هەرکەس کە بیەوێت و (شایستە بێت) وە خوا فراوانگیرو زانایە.

وَقَالَ لَهُمْ نِبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلآئِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (248)

پێغەمبەرەکەیان پێی ووتن: نیشانەی (ئەوەی طالوت هەڵبژاردەی خوایە بۆ) پاشایەتی ئەوەیە کە سنوقەکە دێت بۆلاتان و فریشتە هەڵی گرتووە، ئاسودەیی و ئارامی بەخشەو لەلایەن پەروەردگارتانەوەیە، هەروەها هەندێك یادگاری و کەلەپوری تیایە کە لە خانەوادەی (موسا) و خانەوادەی (هارونە)وە ماوەتەوە، بەڕاستی تا لەوەدا بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆتان ئەگەر باوەڕ دەکەن.

فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلًا مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ قَالُواْ لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ

وَجُنودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُو اللّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ (249)

ئینجا طالوت سەربازانی جیاكردەوەو پێی وتن (وا ئێمە دەڕۆین) (بەڵام) خوا (لە ڕێگوزەرماندا) تاقیمان دەكاتەوە بە ڕووبارێك (دوای ماندوبوون و تینویەتی)، جا ئەوەی تێر لێی بخواتەوە (ئەوە سەربازی من نییەو (بگەڕێتەوە) وە ئەوەی جگە لە لویچێك زیاتر ناخواتەوە (ئەوە سەربازی) منەو (دەیەڕێتەوەو دەڕۆین)، )جا لەگەڵ ئەو ڕوونكردنەوەیەشدا) زۆربەیان (لە ئاوی ڕووبارەكەیان) خواردەوە، كەمێكیان نەبێت. كاتێك كە پەڕینەوە خۆی و ئەوانەی باوەڕدار بوون لە تەكیا (گەلێكیان) وتیان: ئەمڕۆ (زەحمەتە بەم ژمارە كەمەوە) دەرەقەتی جالوت و سەربازانی بێین، (بەڵام) ئەوانەی كە دڵنیابوون بە خزمەتی پەروەردگاریان دەگەن وتیان: (مەترسن) چەندەها جار دەستەی كەم، زاڵ بووە بەسەر دەستەی زۆردا بە فەرمانی خوا، وە خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.

وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُواْ رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (250)

كاتێك كە لە بەرانبەر جالوت و سەربازانی یەوە وەستان (نزایان كردو) وتیان: پەروەردگارا خۆگری و ئارامگریمان پێ ببەخشە، (دڵ و دەروون و) پێكانمان دامەزراو بكە، وە سەرمان بخە بەسەر قەوم و بێ باوەڕاندا.

فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ (251)

ئەوسا ئیتر بە فەرمانی خوا لەشكری جالوتیان بەزان، وە وە داود (كە یەكێك بوو لە سەربازانی طالوت) جالوتی كوشت، لەوەودوا خوا پاشایەتی و دانایی پێ بەخشی، وە هەرچی ویستی فێری كرد.

خۆ ئەگەر خوا هەندێك لە خەڵكی بە هەندێكی تری لە ناو نەبا، هەر هەموو سەر زەوی پڕ دەبێت لەتاوان و خراپە، بەڵام خوا فەزڵ و ڕێزی زۆرە بۆ هەموو گرۆی ئادەمیزاد (بە شێوەیەكی گشتی).

تِلْكَ آيَاتُ اللّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (252)

ئا ئەوانەی كە باس كرا ئایەت و (معجزة)ی خوای گەورەیە كە بەڕاستی و دروستی بەسەر تۆدا دەیخوێنینەوە، وە تۆ (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) لە فرستادەكانی ئێمەیت.

تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاء اللّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِن بَعْدِهِم مِّن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِنِ اخْتَلَفُواْ فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَاء اللّهُ مَا اقْتَتَلُواْ وَلَكِنَّ اللّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ (253)

ئەو پێغەمبەرانەی (كە باس كراون) ڕێزی هەندێكیانمان زیاتر لە لایە لە هەندێكی تریان، هەیانە گفتوگۆی یەكسەری كردوە لەگەڵ خوادا، پلەو پایەی هەندێكیانی بەرز كردۆتەوە، وە (معجزة)ی جۆراو جۆرمان بەخشیوە بە (عیسای كوڕی مەریەم)، وە پشتگیریمان كردوە بە جوبرەئیلی فریشتە، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە (ئەو خەڵكە هەمووی بە ناچاریی باوەڕدار دەبوون)، وە جەنگیان دژ بەیەك نەدەكرد، دوای ئەوەی كە بەڵگەی ئاشكرایان لەسەر ڕاستی پێغەمبەران پێ ڕاگەیەنراوە، بەڵام جیاوازی كەوتە نێوانیانەوە، هەیانە ئیمان و باوەڕی هێناوەو هەیانە بێ باوەڕە، ئەگەر خوا وسیتی لەسەر بوایە شەڕیان دژ بەیەك نەدەكرد، بەڵام خوا هەرچیەكی بوێت هەر ئەوە ئەنجام دەدات.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَّ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خُلَّةٌ وَلاَ شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ (254)

ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لەو ماڵ و سامان و دارایی و (عیلم و زانست و توانایەیی) کە پێمان بەخشیون ببەخشن پێش ئەوەی کە ڕۆژێك بێت کە کڕین و فرۆشتن و دۆستایەتی و تکاکاریی تیا نییە، (ئەو ڕۆژە) بێ باوەڕان هەر خۆیان لە ڕیزی ستەمکاراندان.

اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ (255)

خوا زاتێکە کە جگە لەو خوایەکی تر نییە، وە ئەو هەمیشە زیندوەو چاودێرو ئاگادارە (بەسەر هەموو دروستکراوانیدا)، ئەو وەنەوز دەیباتەوەو ئەو خەو زۆری پێ دێنێت، هەرچی لە ئاسمان و زەوی دا هەیە ئەو زاتە خاوەنیانە، کێ هەیە تکا کار بێ لەلای ئەو، مەگەر خۆی مۆڵەتی دابێت، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو ڕابردوودا ڕووی داوەو ڕوودەدات، دروستراوانی هیچ زانست و زانیارییان نیە، دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت، فەرماندەیی و فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ئەو زاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە، وە پاراستنیان بەلای ئەوەوە هیچ گران نییە، وە ئەو خوایە بەرزو بڵند و فراوان و گەورەیە.

لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (256)

دینداری بە زۆر نابێ بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بە سەر کەسدا، چونکە ڕێبازی چاك و دروست و ئاشکرا بوەو (جیا بۆتەوە لە تولە ڕێگای) گومڕایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە (طاغوت) کە بریتیە لە هەموو ڕێگەو ڕیبازو هێزو بەرنامەو بت و لادانێك، وە باوەڕی دامەزراو بێنێت بە خوا، بێگومان ئەوە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کە هەڵناوەشێت و هەڵناتەکێت، وە هەمیشە پتەوو دامەزراوە،

خوای گەورەش بیسەرو زانایە، (بە هەموو کردارو گوفتارو نیەت و نهێنی بەندەکانی).

اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (257)

خوا پشت و پەنای ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە، لە تاریکستانەکانی (گومان و ستەم) سریان دێنێت و دەیانخاتە ناو نورو رووناکیەوە، ئەوانەش کە ڕێبازی کوفریان گرتوتە بەر، پشت و پەنایان (طاغوت)ە، لە نورو ڕووناکی دەریان دێنن و دەیانخەنە ناو تاریکستانەکانەوە، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن، وە بۆ هەمیشە بە زیندویی تیای دا دەمێننەوە.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَآجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رِبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (258)

ئایا نابینی (دیمەنی گفتوگۆی حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ نەمرودا دەخاتە بەرچاو) ئەو کەسەی کە خوا پاشایەتی پێ بەخشیبوو، کەچی دەمە دەمێی دەکرد لەگەڵ ئیبراهیم دا لەسەر (ئیمان و باوەڕی بەپەروەردگاری، (دیارە کە بەهەواو فیزەوە پرسیویەتی لە حەزرەتی ئیبراهیم کە پەروەردگاری تۆ کێ یە؟) ئەویش لەوەڵامدا وتویەتی: پەروەردگاری من ئەو زاتەیە کە ژیان دەبەخشیت و دەشمرێنێت!!

(نەمرود لە وەڵامی دا) وتی: جا منیش دەژێنم و دەمرێنم، (فەرمانی دا هەندێك بکوژن لە نەیارانی گوایە ئەوە دەیان مرێنێت، هەندێکیش ناکوژێت ئەوە دەیان ژێنێت!!)، ئەوسا ئیبراهیم وتی: دەی باشە خوا خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێنێت، دە تۆ لە خۆر ئاواوە هەڵی بێنە، ئەوسا ئیتر ئەو (ستەمکارە) ڕەنگی پەڕی و وەڵامی نەما، بێگومان خوا هیدایەتی قەومی زاڵم و ستەمکار نادات.

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللّهُ مِئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِئَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى العِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (259)

یاخود باسی (عوزەیر پێغەمبەر) بکە ئەو کەسەی کە تێپەڕی بەلای شارۆچکەیەکدا کە هەموو خانوەکانی تەپی بوون، لەبەر خۆیەوە وتی: ئاخۆ چۆن خوای گەورە ئەم شارۆچکەیە ئاوەدان دەکاتەوە، خوای گەورە سەد ساڵ مراندی و ئەوسا زیندووی کردەوە، فەرمووی: چەندت پێ چووە (بە مردویی)؟. (عوزەیر) وتی: ڕۆژێك یا کەمتر لە ڕۆژێك، (خوا) فەرمووی: بەڵکو ئەوە سەد ساڵت پێ چووە، تەماشای خواردن و خواردنەوەکەت بکە نەگۆڕاوەو تێك نەچووە (لەو ماوە درێژەدا)، تەماشای گوێ درێژەکەشت بکە، ئێمە بەم بەسەرهاتە دەمانەوێت بتکەینە (معجزة) بۆ خەڵکی، سەرنجی ئێسکەکانی (گوێدرێژەکەی بدە) کە جۆن بەیەکەوەی دەبەستین و بەگۆشت دایدەپۆشین، کاتێ بۆی ڕوون بوەوەو بۆی دەرکەوت وتی: چاك دەزانم و دڵنیام کە خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَى وَلَكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (260)

(بەیاد بێنەوە) کاتێ کە ئیبراهیم وتی: پەروەردگارا نیشانم بدە کە تۆ چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە.

خوا فەرمووی: مەگەر باوەڕت پێ ی نیە؟

ئیبراهیم وتی: بەڵێ (باوەڕم هەیە) بەڵام حەز دەکەم (بەچاوەی خۆم ببینم) تا بەتەواوی دڵنیا بم.

خوا فەرمووی: دە چوار جۆر باڵندە بێنەو جوان سەرنجیان بدە (دوایی هەر چواریان سەربڕەو گۆشت و پەڕو خوێنیان تێکەڵ بکە)، لەوەودوا لەسەر هەر لوتکەی شاخێك هەندێك لەو تێکەڵە دانێ، ئەوجا بانگیان بکە بەگورجی و بە پەلە هەموویان دێنەوە بۆلات، وە بزانەو دڵنیا بە کە خوا باڵا دەست و زانایە.

مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (261)

نمونەی ئەوانەی کە ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی خوادا، وەکو تۆوێکە کە بڕوێت و حەوت چڵ دەرکات، هەر چڵێکیش سەد دەنك بگرێت، خوا بۆ هەرکەس کە بیەوێت (بەگوێرەی نیەتی و جێگرتنی خێرەکەی) پاداشت چەند بەرابەر دەکات، وە خوا فراوانگیرو زانایە.

الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ ثُمَّ لاَ يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُواُ مَنًّا وَلاَ أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (262)

ئەوانەی کە ماڵ و داراییان دەبەخشن لە پێناوی خوادا و منەت ناکەن و دڵی کەس ناشکێنن، ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریان مسۆگەرە، نە ترس و بیم ڕوویان تێ دەکات، نە غەم و پەژارەش.

قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى وَاللّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ (263)

قسەو گوفتارێکی جوان و چاوپۆشی لەهەڵە، چاکترە لە بەخشینێك کە بەشوێنی دا دڵی خێر پێکراوەکە ئازار بدرێت و منەت بکرێت، خوایش دەوڵەمەندو بێ نیازە (لە بەخشینی لە منەت)، وە خۆگرو ئارامگرە (زوو تۆڵە ناسێنێت).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لاَّ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ (264)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەكەن خێرو پاداشتی چاكەكانتان پووچ بكەنەوە بە منەت نان و دڵ ئازاری، وەكو ئەو كەسەی ماڵ و سامانی خۆی لەبەر چاوی خەڵكی ببەخشێت بۆ ڕیاكاریی و خۆ نواندن، وە ئیمان و باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی نەبێت، نمونەی ئەو جۆرە كەسانە وەك ئەو بەردە سافە وایە كە خۆڵی بەسەرەوە بێت، لەوەودوا بارانێكی لێزمە ببارێت بەسەریاو هیچی بەسەروە نەیەڵێت و بە ڕەق و تەقی بەجێ ی بێڵێت و حەقیقەتی دەركەوێت، (ئینجا ئەو جۆرە كەسانە) هیچ بەهرەیەكیان لە بەخشینیان دەست ناكەوێت، بێگومان خوای گەورە ڕێنمویی قەومی كافران ناكات.

وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (265)

نمونەی ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن لە پێناوی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوادا، وە بۆ دامەزراندن و ڕاهێنانی خۆیان لەسەر چاكەكاری، وەكو باخچەیەك وایە كە لە بەرزایەكدا بێت و بارانێكی لێزمە بیگرێتەوەو ببێتە هۆی ئەوەی كە دوو بەرابەر بەرهەمی ببێت، خۆ ئەگەر بارانی لێزمەش نەیگرێتەوە، نمە باران پاراوی دەكات، خوای گەورەش بینایە بە كارو كردەوەكانتان.

أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاء فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَاحْتَرَقَتْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (266)

ئایا هیچ كەس لە ئێوە ئاوات دەخوازیت كە باخێكی دارخورما و ڕەزی هەبێت و جۆگە و ڕووبار بەژێر درەختەكانیا بڕواو هەموو جۆرە

بەروبومێکی تیا بێت، ئینجا خۆی پیر ببێت و نەوەیەکی منالْ و ناسك و لاوازی هەبێت، کەچی لەناکاو گێژەڵوکەیەکی ئاگراوی هەڵکاتە سەری و بیسوتێنێت!!

(ئەمە زۆر جێ ی داخ و نیگەرانە، چونکە نە خۆی، لە بەر پیری، نە منالْی، لەبەر بێ هێزی، ناتوانن باخچەکە ئاوەدان بکەنەوە)، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەت و بەڵگەو نیشانەکان دەخاتە بەرچاوتان تا تێفکرن و بیر بکەنەوەو (خۆتان مایە پوچ و ڕەنج بەخەسار نەکەن).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلاَّ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ (267)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: ببەخشن لەو بەرهەمە چاکانەی کە بەدەستتان هێناوە، وە لەو بەروبومانەی کە لە زەویدا بۆتان دەڕوێنین و بۆتان پێ دەگەیەنین، بەشوێن بەخشینی شتی ناپوخت و بێ کەڵکدا مەگەڕێن کە بیبەخشن، لە حاڵەتێکدا خۆتان ئەو جۆرە شتانە وەرناگرن مەگەر چاوی لێ بنوقێنن، وە بزانن کە خوا دەوڵەمەندو بێ نیازەو شایستەی سوپاسە.

الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاء وَاللّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (268)

(کاتێ ئێوە لە ماڵ و دارایتان دەبەخشن) شەیتان هەژاری و نەداری دێنێتە بەرچاوتان، وە هانتان دەدات بۆ گوناهو تاوان و نەبەخشن، بەڵام خوا بەڵێنی لێخۆشبوون و فەزڵ و بەهرەی خۆیتان پێ دەدات، وە خوا فراوانگیرو زانایە (لە ڕزق و ڕۆزی دا).

يُؤتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ (269)

ئەو زاتە بە هەرکەس کە بیەوێت و (شایستە بێت) حیکمەت و دانایی دەبەخشێت، وە ئەوەی حیکمەتی پێ ببەخشرێت ئەوە خێرێکی زۆری پی

دراوه، وه بێجگه له ژیرو هۆشمەندەکان کەسانی تر لەو بەهرەیه تێ ناگەن و قەدری نازانن.

وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللّهَ يَعْلَمُهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ (270)

هەر شتێك ببەخشن یان هەر نەزرێك بڕیار بدەن خوا ئاگاو زانایه پێی، وه بۆ ستەمکاران هیچ جۆره پشتیوانیەك نیه.

إِن تُبْدُواْ الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاء فَهُوَ خَيْرٌ لُّكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (271)

ئەگەر خێرو چاکەو بەخشین به ئاشکرا بکەن شتێکی چاکه، خۆ ئەگەر بیشارنەوەو بیدەن بەهەژاران به نهێنی ئەو ەچاکتره بۆتان، (ئەوساکه، خوا) له گوناهەکانتان چاوپۆشی دەکات، وه خوا ئاگایه به کارو کردەوانەی که ئەنجامی دەدەن.

لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ اللّهِ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ (272)

هیدایەت و ڕێنمویی ئەو خەڵکه لەسەر تۆ نیه (ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) بەڵکو خوا هیدایەت و ڕێنمویی هەرکەسێک بیەوێت دەیکات، وه هەر خێرێك بکەن قازانجی بۆ خۆتانه، ( ئەوەش بەوه دەبێت که): هەرچی دەبەخشن مەبەستتان ڕەزامەندی خوا بێت، وه هەر خێرێك ببەخشن (له پێناوی خوادا) دەستتان دەکەوێتەوه له ڕۆژی داوایی دا ستەمتان لێ ناکرێت.

لِلْفُقَرَاء الَّذِينَ أُحصِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاء مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لاَ يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ (273)

(ئەو جۆرە بەخشینانە پێشکەش بکەن) بەو هەژارانەی کە لە پێناوی خوادا لێبڕاون و ناتوانن بگەڕێن و بازرگانی و کاسبی بکەن، ئەوەی نەیان ناسێت، ئەوەندە کەسایەتی خۆیان ڕادەگرن و نەفس بەرزن، وا دەزانێت دەوڵەمەندن، (زۆرجار) بە ڕوخسارو سیمایاندا دەیانناسی، بەزۆریش شت لە خەڵکی وەرناگرن و (داوا ناکەن)، هەر خێرێك ئەنجام بدەن بێگومان خوا زانایە پێ ی.

الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (274)

ئەوانەی کە ماڵ و سامانیان دەبەخشن، بە شەوو بە ڕۆژ، بە نهێنی و بەئاشکرا، بەڕاستی ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریان مسۆگەرە، وە هیچ ترس و بیمێك ڕوویان تێ ناکا، وە هیچ غەم و پەژارەیەك نایانگرێتەوە، (لە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەدا).

الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (275)

ئەوانەی کە سوو دەخۆن، هەڵس و کەوتیان وەك ئەو کەسە وایە کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەك شێت دەبن) چونکە ئەوانە دەڵێن: کڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە (لە حاڵێکدا کە): خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوەو سووی حەرام کردووە، جا ئەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری پێ گەیی و وازی هێنا، ئەوەی دەستی کەوتووە، بۆ خۆی، کاری (لێ پرسینەوەشی) دەکەوێتە لای خوا، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بە سووخۆریی، ئا ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیادا دەبەنەسەر.

يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ (276)

خوا، سوو تەفرو تونا دەكات و بەرەكەتی لێ هەڵدەگرێت، بەڵام پاداشتی خێرو سامان بەخشین برەو پێ دەدات و بەرەكەتی تێ دەخات، بێگومان خوا هیچ كافرێكی تاوانباری خۆش ناوێت.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (277)

بەڕاستی ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوەو كردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، وە نوێژەكانیان بەچاكی بەجێ دێنن و زەكات دەبەخشن، پاداشتی خۆیانیان لای پەروەردگاریان بۆ ئامادەیە، نە ترس و بیم ڕوویان تێ دەكات، نە غەم و پەژارە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (278)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پارێزكارو خواناس بن و واز لە پاشماوەی سوو بێنن ئەگەر ئیماندارن.

فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ (279)

ئەگەر وا نەكەن، ئەوە وا دەگەیەنێت كە جەنگتان دژی خواو پێغەمبەرەكەی ڕاگەیاندووە (كە سەرەنجامەكەی زۆر سامناكە)، خۆ ئەگەر تەوبە بكەن و (لە سووخۆری واز بێنن) سەرمایەكانتانماڵی خۆتان دەبێت، نە ستەم بكەن و (زێدە وەرگرن)، نە ستەمتان لێ دەكرێت (بە دەست بەسەراگرتنی سەرمایەكەتان).

وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (280)

خۆ ئەگەر كەسێك (قەرزارە) و نەدار بوو، چاوەڕێ بكرێت تا دەرووی لێ دەكرێتەوە دارا دەبێت، خۆ ئەگەر قەرزارەكە ئازاد بكەن و پێی ببەخشن چاكترە بۆتان ئەگەر بزانن (چەندە پاداشتی خوایی بێ سنورە).

وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ (281)

(خەڵكینە) لە سزاو تۆڵەی ڕۆژێك بترسن كە تیایدا دەگەڕێنەوە بۆلای خوا، وە لەوەودوا هەموو كەس پاداشتی كارو كردەوەی خۆی وەردەگرێت و ستەمیان لێ ناكرێت.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلاَ يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللّهُ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا فَإن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لاَ يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إْحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى وَلاَ يَأْبَ الشُّهَدَاء إِذَا مَا دُعُواْ وَلاَ تَسْأَمُوْاْ أَن تَكْتُبُوْهُ صَغِيرًا أَو كَبِيرًا إِلَى أَجَلِهِ ذَلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللّهِ وَأَقْومُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَى أَلاَّ تَرْتَابُواْ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلاَّ تَكْتُبُوهَا وَأَشْهِدُوْاْ إِذَا تَبَايَعْتُمْ وَلاَ يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلاَ شَهِيدٌ وَإِن تَفْعَلُواْ فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللّهُ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (282)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێكتان كرد لە یەكتر بۆ ماوەیەكی دیاری كراو، بینوسن، با نوسەرێك بەڕاستی و دروستی لە نێوانتانا بینوسێت، با هیچ نوسەرێك سەرپێچی نەكا لە نوسین، هەروەك چۆن خوا فێری كردووە با بنوسێت.

(خۆ ئەگەر كەسێک خوێندەوار نەبێت) ئەوەی كە حەقەكەی بەسەرەوەیە و قەرزەكەی لایە با بەدەمی خۆی با كاتبەكە (ئەندازەی قەرزەكەی) بڵێت و لە خوای پەروەردگاری بترسێت و چاوپۆشی لە هیچی نەكات.

خۆ ئەگەر ئەوەی قەرزەكەی لەسەرە هەڵەشە بوو، یا لاواز بوو (مناڵ یا بەساڵا چوو بوو) یا نەیدەتوانی دان بە حەقەكەدا بنێت (كەڕو لاڵ بوو) با بەخێوكەر، یا سەرپەرشتیارەكەی دادگەرانە حەقیقەت و ڕاستی قەرزەكەی بڵێت.

وه یا دوو پیاو له خۆتان شایەتی لەسەر (قەرزو مامەڵە) بدات، ئەگەر دوو پیاو دەست نەکەوتن بۆ شایەتی، با پیاوێك و دوو ئافرەت شایەتیەکە بدەن لەو کەسانەی کە ڕازین بە شایەتی دانیان، نەوەکو یەکێك له (ئافرەتەکان) بیری بچێت با ئەوی تریان بیری بێنێتەوه، وه شایەتەکان نابێت کە داواکران خۆ وێڵ بکەن و ئامادە نەبن، بێزار مەبن لەوەی کە (قەرز) بنوسن، کەم بێت یان زۆر، وه تا ماوەی دیاری کراوی، (بە ڕوونی با یاداشت بکرێت).

(ئەنجام دانی مەسەلەی قەرز بەو شێوەیەو دادپەروەرانەیە پەسەندە لای خوا، ئینجا) چاکتر دەتوانن شایەتی ڕاگرن و له گومان و دوودڵی بەدوور بن و (مافی کەس تیا نەچێت)، مەگەر بازرگانیەك بێت لەبەردەستاناو له نێو خۆتان بیگێڕن و کڕینو فرۆشتن ئەنجام بدەن، ئەوە گوناهتان ناگات کە نایبنوسن، (چونکە ئاسان نیەو مامەڵە دوادەخات)، (هەتا بۆتان دەکرێت) شایەتی بگرن ئەگەر کڕین و فرۆشتنتان ئەنجام دا، وه نابێت نوسەرو شایەت ئازار بدرێن و بێزار بکرێن، خۆ ئەگەر شتی وا بکەن ئەوە مانای وایە کە له ملکەچی و فەرمانبەرداری دەرچوون، جا له خوا بترسن و خۆپارێز بن تا خوا فێری ئەو شتانەتان بکات (کە خێری تیایە بۆ دنیاو پاداشتی قیامەتی لەدوایە)، وه خوا بە هەموو شتێك زانایە.

وَإِن كُنتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُواْ كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ تَكْتُمُواْ الشَّهَادَةَ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (283)

خۆ ئەگەر له سەفەردا بوون و خوێندەوارتان دەست نەکەوت، (دەکرێت) بارمتە وەرگرن، خۆ ئەگەر له یەکتری ئەمین بوون با ئەوەی کە بە ئەمین و دەستپاك دادەنرێت ئەمانەتەکە بداتەوەو لەخوای پەروەردگاری بترسێت، نەکەن شایەتی بشارنەوە، ئەوەی شایەتی بشارێتەوە ئەوە دڵی ژەنگاوی و ناپوختە، خوایش بە هەموو کردەوەکان زانایە.

لِّلَّهِ ما فِي السَّمَاوات وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (284)

هەرچی لە ئاسمانەكان و هەرچی لە زەوی دا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، بێگومان ئەوەی لە دڵ و دەروونتانا هەیە، دەری بخەن، یا بیشارنەوە خوا دەربارەی لێتان دەپرسێتەوە، ئەوسا لەهەركەس كە بیەوێت خۆش دەبێت وە هەركەس كە بیەوێت سزای دەدات، وە خوا بەسەر هەموو شتێكدا دەسەڵاتی هەیە.

آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (285)

پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی كە لەلایەن پەورەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەكانی و كتێبەكانی و پێغەمبەرەكانی (وە دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەك ناكەین لە نێوان پێغەمبەرانی خوادا.

هەروەها دەڵێن: گوێڕایەڵ و ملكەچین (بۆ بەدی هێنەرمان)..پەروەردگارا لێمان خۆش ببە سەرەنجام و گەڕانەوەمان بۆلای تۆیە.

لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (286)

خوای گەورە داخوازی لە هیچ كەسێک ناكات بەقەدەر توانای خۆی نەبێت، هەر كارێكی چاك ئەنجام بدات قازانجی بۆ خۆیەتی، وە هەر كارێكی خراپ بكا یەخەی خۆی دەگرێت و لەسەری دەكەوێت (ئیمانداران دەڵێن):

پەروەردگارا لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یا گوناهو هەڵەیەکمان لەدەست قەوما. پەروەردگارا ئەرکی سەخت و کاری گران مەدە بەسەرماندا وەکو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا.

پەروەردگارا ئەرکێك مەدە بەسەرماندا کە لە تواناماندا نەبێط، توشی بەڵاو ناخۆشیەکمان مەکە کە تواناو هێزو هەناومان لێ ببڕێت، چاوپۆشی بکە لە گوناهمان، خۆش ببە لە هەڵەو تاوانەکانمان، (داواکارین) بەزەییت بێتەوە پیاماندا، ڕەحممان پێ بکە، هەر تۆ پشت و پەنای ئێمەیت، سەرمان بخە بەسەر قەومی کافرو خوانەناسەکاندا.

(ئا بەو شێوەیە پەروەردگاری مەزن فێری نزای ڕێك و پێکمان دەکات، ئومێدە کە لێشمان وەردەگرێت...

کاتێک ئایەتی (284) دابەزیوە هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەغڵەت بوون و  چوون بۆ خزمەتی.. ئەویش فەرموویەتی: بڵێن گوێ ڕایەڵ و ملکەچین.. ئینجا خوای گەورە ئایەتی (285،286) دابەزاند بۆ دڵدانەوەیان).